swindle/ˈswɪndl/v فێڵی لێدەکا- گزی لێدەکا
swindler/ˈswɪndlə(r)/n فێڵباز- گزیکەر
swine/swaɪn/n ١- بەراز/بەرازە مێ ٢- بێقیمەت- بێهامیەت
swing/swɪŋ/v لارەلاری دەکا/دەجوڵێ
swing/n جۆلانێ
swing/n چەشنە جازێکە (مۆسیقا)
swipe/swaɪp/v خێرا لێی دەدا
swipe/v دەدزی- دەرفێنێ
swirl/swɜ:l/v خوول دەخوا
swish/swɪʃ/v خشەخش دەکا/دەمەژێنێ
switch/swɪtʃ/n سویچی کارەبا/ گۆڕانی لەناکاو
switch/v دەگۆڕێ
switch board/ˈswɪtʃbɔ:d/n تەختە سویچ
swivel/ˈswɪvl/n سوور/بەستەر
swollen/ˈswəʊlən/adj ئاوساو- پەنمار
swoon/swu:n/v لەخۆ دەچێ- دەبووریتەوە
swoop/swu:p/v لەناکاو دێتەخوار/دەنیشێ
swop=swap/v دەگۆڕێتەوە
sword/sɔ:d/n شمشێر/شیر
swore-swear/v سوێندی خوارد
sworn-swear/v سوێندی خواردبوو
swot/swɒt/v باش دەخوێنێ/کۆشش دەکا
swum/v مەلەوانی کرد
sycophant/ˈsɪkəfænt/n ریایکەر/ ماستاوچی
syllable/sɪləbl/n برگە
syllabus/ˈsɪləbəs/n پرۆگرامی فێرکاری
symbol/ˈsɪmbl/n جەڵەنگ- هێما- هێمایەکی زارارەیی
symbolic/sɪmˈbɒlɪk/adj جەڵەنگی/

surge/sɜ:dʒ/v وەك شەپۆل/شالاو– بەرەوپێش دەچێ

surgeon/ˈsɜ:dʒən/n پزیشکی نۆژدار

surgery/ˈsɜ:dʒəri/n ١– نۆژداری ٢– جێگای نۆژداری

surgical/ˈsɜ:dʒɪkl/adj کردارێکی نۆژداری

surly/ˈsɜ:li/adj ملڕەق– مۆن–گرژ، دەمڕوت

surmise/səˈmaɪz/v دەخەملێنێ

surmount/səˈmaunt/v تەگەرە بەزێن– زاڵ دەبێ

surmountable/səmauntəbl/adj بەئاسانی دەبەزێنرێت

surname/ˈsɜ:neɪm/n ناوی بنەماڵە/نازناو

surpass/səˈpɑ:s/v دەبەزێنێ– زاڵ دەبێ– پێش دەکەوێ

surplus/ˈsɜ:pləs/n ئەوەی لەپێویست زیادە

surprise/səˈpraɪz/n سەرسوڕمان

surprise/v تووشی سەرسوڕمانی دەکا

surrealism/səˈri:əlɪzəm/n سوریالیەت

surrender/səˈrendə(r)/v خۆ بەدەستەوە

surreptitious/ˌsʌrəpˈtɪʃəs/adj ڕوانینێکی لەبنەوە/ نهێنی

surround/səˈraund/v چواردەورەی دەدا

surroundings/səˈraʌndɪŋz/n ژینگە، دەورووبەر

survey/səˈveɪ/v ١– بەسەریدا دەڕوانێت ٢– بارەکە(دۆخەکە) هەڵدەسەنگێنێ ٣– تاقیدەکاتەوە

survey/n نەخشەکێشی/پێوان

surveyor/səˈveɪə(r)/n پێوەر– پشکێنەر

survival/səˈvaɪvl/n ١– مانەوە– بەردەوام لەژیان ٢– ڕزگاربوو

survive/səˈvaɪv/v پاش کارەساتێک هەردەمێنێ

survivor/səˈvaɪvə(r)/n ئەوەی دەمێنێتەوە– ڕزگاربوو

susceptibility/səˌseptəˈbɪləti/n هەستەوەری– زوو کارتێکردن

susceptible/səˈseptəbl/adj ١– زووکاری تێدەکرێ ٢– هەستەوەر

suspect/səˈspekt/v وای بۆ دەچێ/ گومانی وایە

suspect/n گومان

suspend/səˈspend/v ١–هەڵدەواسی(شت) ٢– دوای دەخا

suspender/səˈspendə(r)/n گۆرەوی و پانتۆڵ هەڵگر

suspense/səˈspens/n دوودڵی– نیگەران لەبارەی.

suspension/səˈspenʃn/n ١– هەڵواسین ٢– شتەیەك دتکەڕەقی لەناودا هەبێ ٣– ڕاگرتنێکی کاتی

suspicion/səˈspɪʃn/n ١– گومان ٢– بیرێکی بێبۆچوون

suspicious/səˈspɪʃəs/adj گومانکار/ جێی گومانە

sustain/səˈsteɪn/v ١– پشتیوانی دەکا ٢– بەردەوام دەبێ ٣– بڕیاری دەدا ٤– چەشتی– دەچێژێ

sustenance/ˈsʌstənəns/n ١– پاروو–خۆراك ٢– نان وئاو

swab/swɒb/v بەلۆکە پاکی دەکاتەوە/ بە زەوی سڕەوە چاکدەکاتەوە

swab/n لۆکە/قوماشی نەرم

swag/swæg/n بوخچە

swagger/ˈswægə(r)/v بە فیز دەڕوا

swallow/ˈswɒləu/v چۆڕێك– قومێك قوت دەدا

swallow/n پاساری / کێشکە (ستۆنق)

swam-swim/v مەلەی کرد

swamp/swɒmp/n زۆنگاو

swampy/adj زۆنگاوی

sunstroke/ˈsʌnstrəuk/n خۆریردن

sup/sʌp/v خواردنێکی سووك دەخوا، شیڤ دەخوا

superannuation/ˌsu:pərˌænjuˈeɪʃn/n مووچەی خانەنشینی

super/ˈsu:pə(r)/n هەرمباش

supercilious/ˌsu:pəˈsɪliəs/adj تێڕوانینێکی بەباشترزانین/ خۆ بەگەورەزان

superficial/ˌsu:pəˈfɪʃl/adj رووکاری/ دەستکرد

superfluous/su:ˈpɜ:fluəs/adj زیاد لەپێویست

superhuman/ˌsu:pəˈhju:mən/adj زیاد لەتوانا/ لەتوانا بەدەر

superintend/ˌsu:pərɪnˈtend/v چاودێری دەکا

superintendent/ˌsu:pərɪnˈtendənt/n چاودێریکەر

superior/su:ˈpɪəriə(r)/adj باشتر- بەرزترین پلەو پایە

superiority/su:ˌpɪəriˈɒrəti/n باشتربوون

superlative/suˈpɜ:lətɪv/adj هەرمباش- باشترین پلە

superlative/n ناوی هەرمباشی ناسراو

supermarket/ˈsu:pəmɑ:kɪt/n سوپەرمارکێت (بازاڕی گەورە)

supernatural/ˌsu:pəˈnætʃrəl/adj دیاردەی سروشتی لە رادەبەدەر

supersede/ˌsu:pəˈsi:d/v ١-جێگا دەگرێتەوە ٢-هەڵدەوەشێنێتەوە

supersonic/ˌsu:pəˈsɒnɪk/adj فرۆکەی خێرایی لە سەرووی دەنگ- خێراتر لە خێرایی دەنگ

superstition/ˌsu:pəˈstɪʃn/n شتی پڕوپووچ/نوشتە

superstitious/ˌsu:pəˈstɪʃəs/adj بڕوای پووچ

supervise/ˈsu:pəvaɪz/v سەرپەرشتی دەکا- چاودێری دەکا

supervision/ˌsu:pəˈvɪʒn/n سەرپەرشتی کردن

supper/ˈsʌpə(r)/n شیڤ- دوازەمی ڕۆژ

supplant/səˈplɑ:nt/v بەزۆر جێگای دەگرێتەوە

supple/ˈsʌpl/adj نەرم- نیان

supplement/ˈsʌplɪmənt/n کلك/پاشکۆ

supplementary/ˌsʌplɪˈmentri/adj تەواوکەر

supply/səˈplaɪ/v ١- پێی دەدا ٢- پێی دەداتەوە

support/səˈpɔ:t/v ١- یارمەتی دەدا ٢- پاڵپشتی دەکا ٣- هەڵدەگری/لەخۆدەگری ٤- پشتی پێدەبەستێ

suppose/səˈpəuz/v ١- وای بۆدەچێ ٢- وای دادەنێ

supposing/səˈpəuzɪŋ/conj وای بۆ دادەنێ

supposition/ˌsʌpəˈzɪʃn/n گریمانە، وادانان

suppress/səˈpres/v کپی‌دەکا- دەمکوتی دەکا- دەیکوژێنێتەوە

suppression/səˈpreʃn/n سەرکوت کردن

supremacy/su:ˈpreməsi/n دەسەڵاتداری باڵا

supreme/su:ˈpri:m/adj باڵا- بەرزترین- زۆرگرنگ

sure/ʃuə(r)/adj ١- بەبڕوایە- گومانبڕ ٢- دڵنیا ٣- پشتی پێدەبەسترێت

surely/ˈʃuəli/adv بێگومان

surf/sɜ:f/n کەفی‌دەریای کەنارەکان/ کەفی شەپۆل

surface/ˈsɜ:fɪs/n پێوەر- سەر، ڕوو، ڕوخسار

sufficient/səˈsɪʃnt/adj تەواو/
بەپێی پێویست
suffix/ˈsʌfɪks/n پاشگر
suffocate/ˈsʌfəkeɪt/v دەخنکێ
suffocation/ˌsʌfəˈkeɪʃn/n خنکاندن
suffrage/ˈsʌfrɪdʒ/n مافی هەڵبژاردن و
دەنگدان
suffragette/ˌsʌfrəˈdʒet/n داوای مافی
ئافرەت بۆ دەنگدان
sugar/ˈʃʊgə(r)/n شەکر
sugary/ˈʃʊgəri/adj ١- شەکراوی
٢- زۆر خۆش- سەرنج ڕاکێش
suggest/səˈdʒəst/v ١- پێشنیار دەکا
٢- ئاماژەی بۆ دەکا
٣- پەنجەی بۆ درێژ دەکا
suggestible/səˈdʒestəb/adj کەسێک زوو
کاری تێبکرێ
suggestion/səˈdʒestʃən/n ١- پێشنیار
٢- با وابوون
suggestive/səˈdʒestɪv/adj وروژاندن/
هەوەس وروژێن
suicidal/ˌsuːɪˈsaɪdl/adj خۆکوژ
suicide/ˈsuːɪsaɪd/n خۆکوشتن
suit/suːt/n ١- جل وبەرگ(بەدلە) ٢- گازندە
٣- دەستێکی کاغەزی قومارە
suit/suːt/v داخوازی دەکا
suitable/ˈsuːtəbl/adj گونجاو
suit-case/ˈsuːtkeɪs/n جانتای سەفەر
suite/swiːt/n ١- دەستوپێوەند
٢- تاقم- دەستە/سویت
suitor/ˈsuːtə(r)/n داخوازیکەر
sulk/sʌlk/v ١- کپ و بێدەنگ دەبێ
٢- خۆی مۆن دەکا/ دەموچاوی گرژ دەکا
sulky/ˈsʌlki/adj چارەگرژ
sullen/ˈsʌlən/adj مڕو مۆچ/چارەگرژ
sulphur/ˈsʌlfə(r)/n گۆگرد- کبریت
sulphuric acid
/sʌlˌfjʊərɪk ˈæsɪd/adj
ترشی کبریت
sultan/ˈsʌltən/n سوڵتان
sultana/sʌlˈtɑːnə/n خانمە (سوڵتان)
sultana/sʌlˈtɑːnə/n مێوژی بێ تۆو
sultry/ˈsʌltri/adj ڕۆژێکی زۆر گەرم
sum/sʌm/n ١- سەرجەم
٢- (بڕێك) هەندێك پارە
summarize/ˈsʌməraɪz/v کورت دەکاتەوە
summary/ˈsʌməri/n کورتە
summer/ˈsʌmə(r)/n هاوین
summery/ˈsʌməri/adj هاوینەیی/
هاوینیی
summit/ˈsʌmɪt/n لووتکە
summon/ˈsʌmən/v ١- بانگی دەکا
٢- داوای کۆبونەوە دەکا
summons/ˈsʌmənz/n بانگکردن-
داخوازی
sumptuous/ˈsʌmptʃuəs/adj (داوەت)ی
چەور وگران/ گرانبەها
sun/sʌn/n خۆر- هەتاو
sunbeam/ˈsʌnbiːm/n تیشکی خۆر
sun-burn/ˈsʌnbɜːn/n
پەڕ (خۆرەشی کردبێ)، پەڕ سوتاو بە ڕۆژ
Sunday/ˈsʌndeɪ/n یەکشەممە
sundries/n هەمە جۆری/ ڕەنگاوڕەنگ
sundry/ˈsʌndri/adj جیاواز/هەمەجۆر
sun-flower/ˈsʌnflaʊə(r)/n گوڵەبەڕۆژە
sung-sing/v گۆرانی وت
sun-glasses/n چاویلکە
sunk-sink/v خنکا
sunny/ˈsʌni/adj هەتاوە ڕۆژ
sunrise/ˈsʌnraɪz/n خۆرهەڵاتن
sunset/ˈsʌnset/n خۆر ئاوابوون
sunshade/ˈsʌnʃeɪd/n سەیوان/چەتر
sunshine/ˈsʌnʃaɪn/n تیشکی خۆر
sunspot/ˈsʌnspɒt/n پەڵەی خۆر

٢–کپ دەبێ

subsidence/səbˈsaɪdns, ˈsʌbsɪdns/n نزم بوونەوە

subsidiary/səbˈsɪdiəri/adj لاوەکی

subsidize/ˈsʌbsɪdaɪz/v بەپارە یارمەتی دەدا

subsidy/ˈsʌbsədi/n پاڵپشتی– یارمەتی

subsistence/səbˈsɪstəns/n بژێوی– مانەوە، بوون

substance/ˈsʌbstəns/n بابەت– مادە، پارە

substantial/səbˈstænʃl/adj بتەو– کرداری

substitute/ˈsʌbstɪtjuːt/n جێگرەوە

substitution/ˌsʌbstɪˈtjuːʃn/n بەئەمیاتی دانان

subterfuge/ˈsʌbtəfjuːdʒ/n بیانوو– مەنهەت

subterranean/ˌsʌbtəˈreɪniən/adj ژێر زەوی/ نهێنی

subtitle/ˈsʌbtaɪtl/n ناونیشانی لاوەکی/ وەرگێڕانی دیالۆگ لە سەر فیلم

subtle/ˈsʌtl/adj ١– (جیاوازییەکی) وورد/ دژوار ٢– زیرەک– بلیمەت

subtlety/ˈsʌtlti/n ووردبینی

subtract/səbˈtrækt/v دەردەهێنێ

subtraction/səbˈtrækʃn/n دەرهێنان/ کەمکردن

subtropical/ˌsʌbˈtrɒpɪkl/adj هەرێم (نیمچە گەرمەسێری) نزیک هێڵی جوگرافی

suburb/ˈsʌbɜːb/n قەراغ، دەوروبەر

suburban/səˈbɜːbən/adj خەڵکی گوند/ بێزار

subversive/səbˈvɜːsɪv/n تێکدەر– تێکشکێن

subway/ˈsʌbweɪ/n تونێل

succeed/səkˈsiːd/v ١– سەردەکەوێ ٢– جێی باوکی (پاشایەتی) دەگرێتەوە

success/səkˈses/n سەرکەوتن

successful/səkˈsesfl/adj سەرکەوتوو

succession/səkˈseʃn/n جێگیری– خەلافەت– یەک لەدوایەکی

successive/səkˈsesɪv/adj دوا بەدوای یەک– بەنۆرە

successor/səkˈsesə(r)/n جێگیر–خەلیفە جێگرەوە

succour/ˈsʌkə(r)/n یارمەتی– فریاکەوتن

succulent/ˈsʌkjələnt/adj میوەی ئاودار/ گۆشتن

succumb/səˈkʌm/v ملکەچ دەبێ/دەمرێ

such/sʌtʃ/adj - pron وەکو ئەم(شەو–ڕۆژ) ئەوها– ئاوا/تائەو رادەیەی

suck/sʌk/v دەمژێ– شیری دەدا پێی

sucker/ˈsʌkə(r)/n ١– مژەر٢– لیبەر ٢– گێلە پیاو

suckle/ˈsʌkl/v (ئافرەت) شیری پێ دەدا

suckling/ˈsʌklɪŋ/n مەلۆتکە– شیرەخۆرە

suction/ˈsʌkʃn/n مژین– فینزیاوی

sudden/ˈsʌdn/adj ناکاو– کتو پڕ

suddenly/ˈsʌdnli/adv لەپڕ

suds/sʌdz/n کەفی سابون/بلق

sue/suː/v گازندەیەکی یاسایی لەسەر تۆمار دەکا

suede/sweɪd/n پێستی بزن– پێستی نەرم

suet/ˈsuɪt/n ڕۆنی ساغی (ئاژەل) دۆن بەزی مەپڕ ماڵات و ڕەشە وڵاخ

suffer/ˈsʌfə(r)/v ١– دەچێژێ/ئازار دەکا ٢– لێی خۆش دەبێ ٣– خراپ دەبێ

sufferance/ˈsʌfərəns/n بەزۆر ڕازی بوون

suffering/ˈsʌfərɪŋ/n ئازار چەشتن

suffice/səˈfaɪs/v بەش دەکا

stuffing/ˈstʌfɪŋ/n تێکەلە– (حشو) پڕ کردن

stuffy/ˈstʌfi/adj توندڕەو/بێمیزاژ

stumble/ˈstʌmbl/v هەلدەخلیسکێ

stump/stʌmp/n ١– بنەی دار/ڕەگ ٢– دارێکی یاری کریکیتە

stun/stʌn/v ١– گێژ دەکا/دەبێ ٢– دەمەژێ ٣– سەری لێ تێکە دەچێت

stunt/stʌnt/n کارێکی سەرنج ڕاکێش

stunt/v ڕێ لە گەشەی دەگرێ، بەربەستی [illegible]

stunted/adj لەش کرژ بوو

stupefy/ˈstju:pɪfaɪ/v وڕ دەبێ

stupendous/stju:ˈpendəs/adj بەزم– سەرنج ڕاکێش

stupid/ˈstju:pɪd/adj دەبەنگ– بێمێشک– گەمژە

stupidity/stju:ˈpɪdəti/n دەبەنگی– بێمێشکی

stupor/ˈstju:pə(r)/n لەخۆچوون/ بێهۆشبوون

sturdy/ˈstɜ:di/adj بەرمنگاریەکی توند

stutter/ˈstʌtə(r)/v زمانی گیر دەبێ/ زمانی لەتەلە دەکا

sty/staɪ/n ١– تەویلەی بەراز ٢– ئەستوربوونی بەری چاو/ ئاوسانی پێستەی چاو

style/staɪl/n ١– شێواز ٢– ئەدگارێکی جیاواز ٣– ڕوخساری گشتی ٤– جل و بەرگی مۆدێل

suasion/n ڕازیکردن

suave/swɑ:v/adj نەرم و حەلیم/ بەڕێز

subconscious/ˌsʌbˈkɒnʃəs/adj بێئاگا

subcontinent/ˌsʌbˈkɒntɪnənt/n نیمچە کیشوەر

subdivide/ˈsʌbdɪvaɪd/v دابەش دەکاتەوە

subdivision/ˌsʌbdɪˈvɪʒn/n دابەشکردنی لاوەکی

subdue/səbˈdju:/v ١– ملکەچی دەکا/ زاڵ دەبێ ٢– کپی/هێمنی دەکاتەوە

subject/ˈsʌndʒɪkt/n ١– بندەستی (رعیە) ٢– جێگا ٣– بابەتی لێکۆڵینەوە ٤– بکەر– نیهاد(لەعەرەبی)

subjection/səbˈdʒekʃn/n ملکەچ کردن

subjective/səbˈdʒektɪv/adj خودی– کەسایەتی/ نابابەتیی

subjunctive/səbˈdʒektɪv/adj مەرجی ڕەگیمانەیی

sub-let/ˌsəbˈlet/v بەکرێی دەدا

sublime/səˈblaɪm/adj باڵا– بەپلەوپایە

submarine /ˌsʌbməˈri:n, ˈsʌbməri:n/adj گیایەکی بن ئاو/ژێر ئاوکەر

submerge/səbˈmɜ:dʒ/v نوقم دەبێ

submission/səbˈmɪʃn/n ملکەچی– ڕازی بوون

submissive/səbˈmɪsɪv/adj ملکەچ

submit/səbˈmɪt/v ١– خۆ دەدا بەدەستەوە ٢– پێشکەشی دەکا

subnormal/ˌsʌbˈnɔ:ml/adj بێئاسمت/ژێر ئاسایی

subordinate/səˈbɔ:dɪnət/adj لاوەکی/پارستە

subscribe/səbˈskraɪb/v ١– ڕازی دەبێ بەشداری بکا ٢– ئیمزا دەکا ٣– ڕاچێتە دەنووسێ

subscriber/səbˈskraɪbə(r)/n بەشدارکەر لە.

subscription/səbˈskrɪpʃn/n هاوبەشی کردن

subsequent/ˈsʌbsɪkwənt/adj پاش– پاشان/داهاتوو

subside/səbˈsaɪd/v ١– نزم دەبێ

stress/stres/n ١- فشار- گوشار/جەخت
٢- کێش ٣- هێمای دەنگی (هێز)

stretch/stretʃ/v درێژی دەکاتەوە/
بەرینی دەکا

stretch/n درێژ بوونەوە

stretcher/ˈstretʃə(r)/n هەلگری نەخۆشی

stricken/ˈstrɪkən/adj تووش بوو/زاڵبوو

strict/strɪkt/adj ١- توندو تیژ
٢- راڤەیەکی وورد

stricture/ˈstrɪktʃə(r)/n/ رەخنەیەکی توند
گلەیی و گازاندەیەکی توند

stride/straɪd/v ١- هەنگاوی گەورە
دەهاوێژێ ٢- لە رۆیشتن لنگی فش دەکا.

strident/ˈstraɪdnt/adj دەنگی بەرز و تیژ

strife/straɪf/n ١- شەڕو شۆڕ- ناکۆکی
٢- ململانێ

strike/straɪk/v ١- لێیدەدا
٢- نیشان دەشکێنێ ٣- گڕی تێبەر دەدا
٤- دەدۆزێتەوە ٥- لێیدەدا(کاتژمێر)
٦- مان دەگرێ ٧- کاری لێدەکا

strike/straɪk/n مانگرتن

striker/ˈstraɪkə(r)/n مانگر

striking/ˈstraɪkɪŋ/adj سەرنج راکێش

string/strɪŋ/n ١- دەزووی رێسراو
٢- پارچە رێسراوێك ٣- ژێی مۆسیقا
٤- گەردانە

stringy/adj ١- وەکو دەزوو وایە ٢- زبر

strip/strɪp/v ١-دادەکەنێ ٢- لێدەکاتەوە
٣- دەگوشێ/چۆرەی لێدێنێ

stripe/straɪp/n خەت خەت

strive/straɪv/v زۆر هەوڵ‌دەدا/خەبات دەکا

strove/strəʊv/v خەباتی کرد

stroke/strəʊk/n ١- لێدان
٢- دەنگ(کاتژمێر) ٣- سەکتەی دڵ و مێشك

stroll/strəʊl/n پیاسەی لەسەرخۆ

strong/strɒŋ/adj ١- بەهێز ٢- ئارەق
٣- بۆنێکی تیژ ٤- چڕ (قاوەیەکی چڕ)
٥- کردارە (ناقیاسیەکان)

stronghold/ˈstrɒŋhəʊld/n قەڵا- پایگا

strongly/adv بەهێز- بەتوندی

strop/strɒp/n موس تیژکەر

strop/v موس تیژ دەکا

structural/ˈstrʌktʃərəl/adj
گۆڕانکارییە بنیاتیەکان/ پێکهاتەیی

structure/ˈstrʌktʃə(r)/n بنیات- بناغە-
پێکهاتە

struggle/ˈstrʌgl/n خەبات- کۆشش-
ململانێ

strut/strʌt/v بەفیز دەڕوا

strut/n کۆڵەکەیەکی (ئەندازەیی) لە بنەوەلار

strychnine/ˈstrɪkni:n/n ماددەیەکی
کیمیاوی ژەهراوییە/ژەهرێکی کوژەر

stub/stʌb/n قوچکەجگارە/قونکە جغارە

stubble/ˈstʌbl/n ١- تزێکڵ/پووش
٢- تووکی دەموچاو

stubborn/ˈstʌbən/adj شەڕانی،
سەرەڕەق، کەللەڕەق

stuck-stick/v گرتی، نوساندی

stuck-up/nadj لووت بەرز، بەخۆناز

stud/stʌd/n ١- پووڵ- دوگمە- قۆپچە
٢- کۆمەڵە ئەسپێك
٣- بزمارێکی سەر گەورە (مێخ)

student/ˈstju:dnt/n قووتابی

studio/ˈstju:diəʊ/n ستۆدیۆ- وێنەگا

studious/ˈstju:diəs/adj چالاك- چەلەنگ

study/ˈstʌdi/n ١- وانە- لێکۆڵینەوە
٢- نووسینگە
٣- هێلکاری-لێکۆڵینەرەیەلەدەبی

study/v دەکۆڵێتەوە

stuff/stʌf/n - v ماددە- کوتاڵ-
شڕەك/ پڕدەکا

stove/stəʊv/n سۆپە

stow/stəʊ/v ١–دادەگرێ ٢–پڕاڵێن دەکا ٣–پڕ دەکا

stowaway/ˈstəʊəweɪ/n خۆی لەناو پاپۆڕ/فڕۆکە دەشارێتەوە تا دەڕوا/دەفڕێ بۆشەرەی پارەنەدا.

straggle/ˈstrægl/v خۆ پاش دەخا

straggler/ˈstræglə(r)/n خۆ پاشخەر

straight/streɪt/adj ١– راست– راستەوخۆ ٢– ڕێک وپێک/هاوڕێک

straight/adv راستەوخۆ– یەکسەر

straighten/ˈstreɪtn/v ڕێکی دەخا

straightforward/ˌstreɪtˈfɔːwəd/adj دڵسۆز– راستەوخۆ/ئاسان

strain/streɪn/n ١– گرژی– خۆی ماندووکردن ٢– شێواز

strain/v بای دەدا– لوول دەکا/دەپاڵێوێ

strainer/ˈstreɪnə(r)/n ئامێری پاڵاوتن/ بێژنگ

strait/streɪt/n دەریەند/ئارێشە

strait/adj تەنگ– تەسک

strait-laced/ˌstreɪt ˈleɪst/adj توندو تیژ بەرامبەر ئاکار

strand/strænd/n ١– کەنار– رۆخ لێوار ٢– پەلک–بەسک– تاڵی گوریس

stranded/adj چۆڵ– بەجێ‌هێڵراو

strange/streɪndʒ/adj نامۆ– سەیروسەمەرە

stranger/ˈstreɪndʒə(r)/n هەندەرانی– نامۆ– نەناسراو

strangle/ˈstræŋgl/v ١– دەیخنکێنێ ٢– هەڵیدەواسێ

stranglehold/ˈstræŋglhəʊld/n گرتنێکی کوژەر

strangulation/ˌstræŋgjuˈleɪʃn/n هەڵواسین– خنکاندن

strap/stræp/n پشتێن–شریتی پشتێن/ قایش

strap/v ١– توند دەکا ٢– بە قایش/پشتێن لێی دەدا

strapping/ˈstræpɪŋ/adj بەژن بلندوبەهێز

stratagem/ˈstrætədʒəm/n فێڵێکی جەنگی– داو

strategic/strəˈtiːdʒɪk/adj ستراتیجی– گرنگ

strategics/strəˈtiːdʒɪks/n زانست یان هونەری ستراتیژی

strategist/strəˈtiːdʒɪst/n کارامە لەبواری ستراتیژیەت

strategy/ˈstrætədʒi/n پلانی ستراتیژی لە (جەنگ)

stratum/ˈstrɑːtəm/n چین– چینی بەردین

straw/strɔː/n پووش/پەڵکە گەنم و جۆ و برنج

straw/n ماددەی پووش

strawberry/ˈstrɔːbəri/n چایەر– فریز– تووت/ شلیە

stray/streɪ/v گومڕا– ئاوارە دەبێ

streak/striːk/n ١– هێڵێکی درێژی باریکی ناڕێک ٢– پاشماوە ٣– ماوەیەکی کورت

streaky/adj هێڵکاری کراو– خەت خەت

stream/striːm/n ١– جۆگە/جۆگەلە/ڕوبار ٢– ئارەزۆ

streamer/n شریتێکی کاغەزی ڕەنگاورەنگی درێژ/ئاڵایەکی درێژی باریک

streamline/ˈstriːmlaɪn/v ئاسانی دەکا ڕێکی دەکا

street/striːt/n شەقام

strength/streŋθ/n هێز– توانا

strengthen/ˈstreŋθn/v بەهێزی دەکا– پتەوی دەکا

strenuous/ˈstrenjuəs/adj ١–گران– توند ٢– ماندووێتی– دەوێ

جۆشدان

stimulus/ˈstɪmjələs/n هاندەر- جۆشدەر

sting/stɪŋ/n – v پێوەدان/پێوەدەدا/ پێوەدەنووسێ

stinger/ˈstɪŋə(r)/n پێوەدەر- ستینگەر: چەکێکی دژە فڕۆکەیە

stingy/ˈstɪndʒi/adj رەزیل- قرچۆک

stink/stɪŋk/v گەناو-گەندەڵ دەبێ/دەکا

stint/stɪnt/v بەرتەنگ دەکا- کۆت دەکا

stint/stɪnt/v قرچۆکی دەکا، دەست پێوە دەگرێ

stipulate/ˈstɪpjuleɪt/v ١-مەرج دادەنێ ٢-لەدەقەکەدا هاتووە

stipulation/ˌstɪpjuˈleɪʃn/n مەرج

stir/stɜː(r)/v ١- دەجوڵێنێ ٢- تێکەڵ دەکا ٣- دەوروژێنێ

stirrup/ˈstɪrəp/n ئاوزەنگ- شوێن پێ لە زین و کورتان بۆ سوار بوون

stitch/stɪtʃ/n تەقەڵ

stitch/n ئازاری لاتەنیشت

stock/stɒk/n ١-پاشەکەوت ٢-سەروماڵات ٣- بەش و قەواڵە ٤- رەگەز- رەسەن ٥- بنکە ٦- رێژەی سوود

stocking/ˈstɒkɪŋ/n گۆرەوی درێژی ئافرەتان

stock-still/ˌstɒk ˈstɪl/adj رەق هەڵاتوو (وەکوبت)

stocktaking/ˈstɒkteɪkɪŋ/n جەردکردنی شمەک (ژماردنی)

stocky/ˈstɒki/adj چوارشانە/کورت وبەهێز

stodgy/stɒdʒi/adj ١- بەگرانی هەرس دەکرێ ٢- چارەگران/بێزاقورس

stoker/ˈstɒkə(r)/n ئاگرکەرەوە/ ئاگرتێبەردەر

stole/stəʊl/n دەسرۆکە، چارۆکە/ شاڵ

stole/v دزی

stolid/ˈstɒlɪd/adj خەمسارد، گەرج

stomach/ˈstʌmək/n گەدە

stone/stəʊn/n ١-بەرد ٢-چەو٣- ئەلماس ٤- ئاوکە

stoned/ˈstəʊnd/adj سەرخۆش

stone-deaf/adj کەڕ

stone fruit/n مێوەی ئاوکدار

stonemason/ˈstəʊnmeɪsn/n وەستای بەرد

stony/ˈstəʊni/adj ١- زەوی بەردین ٢- دڵڕەق

stony-broke/adj قرخن- بێ پارە/لەنۆش

stool/stuːl/n ١- کورسی بێ پشت و دەسک ٢- پیسایی مرۆڤ

stoop/stuːp/v دەچەمێتەوە- کرنۆش دەبا

stop/stɒp/v ١- رادەگرێ ٢- راوەستە!

stop/stɒp/n وەستان/وێستگە

stopgap/ˈstɒpgæp/n ئەلتەرنەتیڤی پێویست/کاتی/ گیرەی کاتی

stopper/ˈstɒpə(r)/n گیرە (قەپاغ)

stop-press/n دوا هەواڵ

stopwatch/ˈstɒpwɒtʃ/n کاتژمێر پێشبڕکێ

storage/ˈstɒrɪdʒ/n پاشەکەوت

store/stɔː(r)/n ١-عەزگا٢- دوکانی گەورە

store/v ١- هەڵدەگرێ٢- دادەنا

storey/ˈstɔːri/n قات- نهۆم

stork/stɔːk/n حاجی لەقلەق

storm/stɔːm/n گەردەلوول/ باهۆز

storm/v پێشێل دەکا/ هەڵدەکا

stormy/ˈstɔːmi/adj بایەکی توند/ گەردەلولاوی

story/ˈstɔːri/n چیرۆک

story/n هەڵبەستن

stout/staʊt/adj ١- قەڵەو ٢- زۆر بەهێز ٣- ئازا

دووکەڵدان
ئەوکەسەی بەسەر چیا دەکەوێ
steer/stɪə(r)/n پاپۆڕ یان ئۆتۆمبیل ئاژۆتن
steerage/ˈstɪərɪdʒ/n شوێنی نزیک
سوکان– پلە سێ
steering-wheel/n تایەی ئۆتۆمبێل
steersman/n کاپیتان، سوکان بەدەست
stem/stem/n ١–ساقی گوڵ
٢– پێشەوەی پاپۆڕ
٣– رەگی‌ووشە ٤– قەد
stem/stem/v ناهێڵێ بڵاوبێ– سەرکوت دەکا
stench/stentʃ/n گەنیو، گەنی بوون
stencil/ˈstensl/n ستێنسل
stenographer/stəˈnɒgrəfə(r)/n
نووسەری دەستخەت
step/step/n ١– هەنگاو–شەقاو
٢– جێپێ ٣– پلە
step/v ١– دەڕوا
٢– دەمارێ ٢– دەچێتە پێش
step brother/ˈstepbrʌðə(r)/n زڕبرا
step father/ˈstepfɑːðə(r)/n زڕباوک/
زڕباب
step ladder/ˈsteplædə(r)/n
پەیژەی دووقاچ/
قادرمەی بچووک
step mother/ˈstepmʌðə(r)/n
باوەژن/زڕدایک/ژنباب
step sister/ˈstepsɪstə(r)/n زڕخوشک
stereo/ˈsteriəʊ/n ئامێری ستریۆ
sterile/ˈsteraɪl/adj نەزۆک– بریندگ– قاڕ–
پاک
sterility/stəˈrɪləti/n نەزۆکی
sterilize/ˈsterəlaɪz/v ١–لەکیراوە هەڵدێنێ
٢– پاکدەکاتەوە ٣– تووش نەزۆکی دەبێ
sterling/ˈstɜːlɪŋ/n پارەی ئینگلیزی
(ئەستەرلینی)
stern/stɜːn/adj توندو تیژ

stethoscope/ˈsteθəskəʊp/n
بیستەری/ دەنگاوەری پزیشکی
stew/stjuː/v لەسەرخۆ دەکوڵێنێ/دەکوڵێ
steward/stjuːəd/n ١–ڕێکخەر
٢–چاودێریکەر ٣– خزمەتکار
stick/stɪk/n گۆپاڵ، تووڵ، دار، گۆچان
stick/v ١– بە چەنگاڵ دەگرێ
٢– پێوەی دەنوستێنێ ٣– زمانی دەردێنێ
sticker/ˈstɪkə(r)/n ١–لکێنەر،
بلیتێکی چرێشاوی ٢–مانیونەناس
sticking-plaster/n پلاستەری پزیشکی
لەزگە
sticky/ˈstɪki/adj ١– لینج– بە چرك
٢– مردنێکی بەئازار
stiff/stɪf/adj ١– ڕەق
٢– گران ٣– بەهێز ٤– بەرەسمی
stiffen/ˈstɪfn/v رەق دەبێ/دەکا
stifle/ˈstaɪfl/v دەخنکێنێ/دەخنکێ/
کپی دەکا
stigma/ˈstɪgmə/n لەکە– نیشانەی
(بۆتاوانبار) پەڵە
stigmatize/ˈstɪgmətaɪz/v
وەسپی لایەنی خراپی دەکا
stile/staɪl/n لەمپەرێکی دارین لەنێوان
دوو کێڵگەدا/بەردەباز
still/stɪl/adj هێمن– بێدەنگ
still/adv هێشتا
still-born/ˈstɪlbɔːn/adj بەمردوویی
لەدایك بوو
stilted/ˈstɪltɪd/adj ١– ڕەق و ناسروشتی
٢– شێوازی زێدەڕۆیی/رەسمی
stimulant/ˈstɪmjələnt/n
بەهێزکەر(دەرمان)
stimulate/ˈstɪmjuleɪt/v هانی دەدا/
دەوروژێنێ
stimulation/ˌstɪmjuˈleɪʃn/n هاندان–

starter/ˈstɑ:tə(r)/n ١- پێشبڕکێکەر/ بەرزەم ٢-شاوری دەستپێکردن ٣- نیشپێکەر ٤- مەزە

startle/ˈstɑ:tl/v لەپڕە لەناکاوی دەترسێنێ

startling/ˈstɑ:tlɪŋ/adj ترسێنەر- سەرسوڕهێنەر

starvation/stɑ:ˈveɪʃn/n برسێتی- قات و قڕی

starve/stɑ:v/v برسی دەبێ/دەکا

state/steɪt/n حاڵەت- باروبۆخ

state/n دەوڵەت- ویلایەت

state/v ١- ژیانێکی خۆشگوزەران دەژێت ٢- دەڵێ- بەیان دەکا

stately/ˈsteɪtli/adj ١-شکۆدار ٢- مەزن وبیار

statement/ˈsteɪtmənt/n ١-بەیان/بەیاننامە ٢-پارەی حیساب ٣-رستەی خەبەری

statesman/ˈsteɪtsmən/n پیاوی سیاسی‌و دەوڵەت- (سیاسەتمەدار)

static/ˈstætɪk/adj – n نەگۆڕ- نەجوڵاو/ کارەبای ستاتیک

station/ˈsteɪʃn/n ١- چەق- خاڵ ٢- وێستگە ٣- پایەی جڤاکی ٤- نێزگە

stationary/ˈsteɪʃənri/adj نەگۆڕ

stationery/ˈsteɪʃənri/n ئالەتی بیرۆ/ پێویستیەکانی دامودەزگا/ پەرتوکە/ کاغەزگەری

statistic/stəˈtɪstɪk/adj - n ئامار

statistical/stəˈtɪstɪkl/adj ئاماریی

statistics/stəˈtɪstɪks/n زانستی ئامار ئامارناسی

statue/ˈstætʃu:/n پەیکەر

stature/ˈstætʃə(r)/n ١- بەژن ٢- بەها و گرنگی

status/ˈsteɪtəs/n ١- پلەو پایە ٢- باری جڤاکی ٣- پلەوپایەی کۆمەڵایەتی

statu* quo/ˌsteɪtəs ˈkwəʊ/n ڕەوشی هەنوکە

statute/ˈstætʃu:t/n ١-یاسای پەرلەمانی ٢-دەستور

staunch/stɔ:ntʃ/adj ١- باوەڕ پتەو ٢- زۆر دڵسۆز

stave/steɪv/n گۆچان- تۆێز

stave/v پایەی نۆتەی مۆسیقایی

stay/steɪ/v ١- دەمێنێتەوە ٢- دەمێنێ- بەردەوام دەبێ ٣- دەرناچێ- دەمێنێ ٤- ناخەوێ- لە شەوین دەبێ

stay/n مانەوە

steadfast/ˈstedfɑ:st/adj بڕوای پتەو

steady/ˈstedi/adj ١-جێگیر-پتەو/ خێراییەکی‌نەگۆڕ

steady/v ڕێکی دەخا

steak/steɪk/n پارچە گۆشت

steal/sti:l/v دەدزی

stealth/stelθ/n دزەکردن

stealthy/adj لەسەرخۆ وبەدزی نزیک بوونەوە

steam/sti:m/n هەڵم

steam engine/n شەمەندەفەری هەڵمی

steamer/ˈsti:mə(r)/n ١- ئاشپەز ٢- پاپۆڕی هەڵمی

steam-roller/ˈsti:mrəʊlə(r)/n باگرێنی هەڵمی/ باگوردانی هەڵمی

steel/sti:l/n پۆلا

steely/adj دڵڕەق- نەرم نابێ

steep/sti:p/adj ١- زۆر لێژ ٢- زۆرگەورە ٣- زۆرگران

steeple/ˈsti:pl/n لوتکە- تیژی بورجی کلێسا

steeplechase/ˈsti:pltʃeɪs/n پێشبڕکێی ئەسپ/ بەسەر لەمپەر بازدان

steeple-jack/ˈsti:pldʒæk/n

stagnation/stæg'neɪʃn/n مەنگی/ئاوسان

staid/steɪd/adj شکۆمەند– گران (مرۆڤ)

stain/steɪn/v – n ١– پەڵە– لەکە/ژەنگ
٢– بۆیە

stainless/'steɪnləs/adj پۆلا– بێخەوش/
ژەنگ هەڵنەهێن

stair/steə(r)/n پایە– پلە

staircase/'steəkeɪs/n قادرمە– پەیژە

stake/steɪk/n ١– تەربەوان/پارمتە
٢– قازوغ ٣– بەش ٤–گرەو

stale/steɪl/adj ١– کۆن– خراپبوو
٢– سارد

stalemate/'steɪlmeɪt/v
حاڵی سڕبوون/بنبەست

stalk/stɔːk/n ساقی گەڵا– پەلک

stall/stɔːl/n ١– کوشک
٢– جێگای ئاژەڵ بەستنەوە
٣– ڕێزی پێشەوە لەشانۆ

stallion/'stæliən/n نێر(نێرەی ئەسپ)

stalwart/'stɔːlwət/adj
١– درێژ وماسولکەیی ٢– بەوەفا/پاک

stamen/'steɪmən/n سڵێنی گوڵ/
بەشی نێرەی گوڵ

stamina/'stæmɪnə/n خۆگرتن/شیان

stammer/'stæmə(r)/n زمانگیری/
زمانگرتن

stamp/stæmp/v – n ١– پێی لەزەوی دەدا
٢– مۆری دەکا ٣– پولێکی پۆستەی لێدەدا
٤– پارەیەک نەخش دەکا
٥– سیمایەکی تایبەت پێدەدا

sta n ١– مۆر٢– پوول

stampede/stæm'piːd/n رانەئاژەڵێک
بەتاو دێ

stand/stænd/v ١–ڕادەوەستێ ٢–ڕادەگرێ
٣– ئارام دەگرێ ٤– دەکاتێ
٥– رایەڵە پێکدێنێ ٦– خۆی دەپاڵێوێ
٧– پارەی ... دەدا ٨– وەک خۆی دەمێنێ

stand/n ١– کۆشک٢– مەنگر ٣–هەڵوێست

standard/'stændəd/n ١– پێوەر
٢– ئاکار ٣– ئاست

standard/adj نموونەیی/ئاسایی/پێوەریی

standardize/'stændədaɪz/v/یەکی دەکا
دەکاتە یەک

standby/'stændbaɪ/n ١–یەدەک
٢–لایەنگری دڵسۆز

standing/'stændɪŋ/adj ڕاوەستاو–
وەستاو

standstill/'stændstɪl/n – adj حاڵەتی
وەستان

stanza/'stænzə/n/ستانزا– پارچە شیعرێک
کۆپلە

staple/'steɪpl/n دەرزی کەپس/
بەرهەمی سەرەکی وڵات

staple/v بەدەرزی دەیبەستێتەوە

staple/adj ڕەسەن/سەرەکی

star/stɑː(r)/n ئەستێرە

star/adj شێوەیەکی ئەستێرەیی

star/n ئەستێرەی شانۆیی/سینەما

starboard/'stɑːbəd/n لای ڕاستی
پاپۆڕ و فڕۆکە

starch/stɑːtʃ/n ١–نیشاستە
٢– یاخە چاککردنەوە

starchy/'stɑːtʃi/adj ١–ووشکە ڕەفتار
٢–ڕەسمی– فەرمی

stare/steə(r)/v چاوی لێتیژدەکاتەوە–
دیقەتی دەداتێ

stark/stɑːk/adj ١– ڕەق هەڵاتوو/
ڕووت وسادە ٢– بەتەواوی

starlight/'stɑːlaɪt/n پرشنگی ئەستێرە

start/stɑːt/v دەست پێدەکا

start/n بەرایی– نوقرە

sprinkle/ˈsprɪŋkl/v دەپرژێنێ- دەپشێنێ
sprinkle/n ئاوپرژێن/ ئاوپرژاندن
sprint/sprɪnt/v خێرا غار دەدا
sprout/spraʊt/v چرۆی دەردەکا
spruce/spru:s/adj جوان پۆش- شیک
spry/spraɪ/adj - n ١- وریا ٢-تەڕوسووک
spurious/ˈspjʊəriəs/adj پارەی موزەوەر (پارەی ئارەوا)
spur/spɜ:(r)/n ١-لەغاو ٢- قەراغی چیا ٣-خەلات
spurt/spɜ:t/v ١-زیاد هەوڵ دەدا ٢-بلێسە دەسێنێ، گڕ دەگرێ
sputink/n مانگێکی دەستکردی رووسی
spy/spaɪ/n سیخور
squabble/ˈskwɒbl/n شەڕە منداڵ، شەڕ لەسەر تشتی پووچ
squad/skwɒd/n تیپ(کۆمەڵێکی سەربازی)
squadron/ˈskwɒdrən/n پۆل (فرۆکە) (دەریایی)
squalid/ˈskwɒlɪd/adj پیس- رووڕەش- شەپرێو
squall/skwɔ:l/n ١-تێغیو ترس ٢-زریان
squally/adj رۆژێکی بارانیاوی بریسکاوی
squalor/ˈskwɒlə(r)/n کلۆلی
squander/ˈskwɒndə(r)/v لەکیسی دەدا خەرجی دەکا- بەفیڕۆ دەدا
square/skweə(r)/n ١- چوارگۆشە ٢- گۆڕەپان ٣- چوارینە (ماتماتیک)
squash/skwɒʃ/n هاڕاو- گوشراو
squash/v پێدەتنگی دەکا- دەهاڕێ-دەگوشێ
squat/skwɒt/v چوارمەشقی دادەنیشێ، لەسەر چیچکان دادەنیشێ
squat/v زەوی خەڵکی داگیردەکا
squawk/skwɔ:k/v واقەواق دەکا- قیڕەقیڕ دەکا- ناڵەناڵ دەکا
squeak/skwi:k/n ١- قیڕەی بالندە ٢-جیڕەی دەرگا ٣-زیکە زیک
squeaky/n دەنگێکی تیژ
squeal/skwi:l/n – v دەقیژێنێ/ زمانی لە هاوڕێکەی دەدا
squeamish/ˈskwi:mɪʃ/adj ١- زوودڵی تێکدەچێ ٢- زوو دەبووڕێتەوە
squeeze/skwi:z/v دەیگوشێ- دەیپلیقێنێ- دەیشێلێ
squint/ˈskwɪnt/v چاوی خێل دەبێ سێبەر بۆ چاوی دەکا تا باشتر ببینێ
squire/ˈskwaɪə(r)/n لەدەوڵەمەندەکانی گوند (کوێخا)- زەویدار
squirm/skwɜ:m/v ١- خۆی بادەدا ٢- هەست بە شەرمەزاری دەکا
squirt/skwɜ:t/v (شرینقەی دەرزی) لێ دەدا
stab/stæb/v خەنجەری لێدەدا
stability/stəˈbɪləti/n سەقامگیری- جێگیر- نەگۆڕ
stabilize/ˈsteɪbəlaɪz/v جێگیردەبێ/ سەقامگیر دەبێ
stable/steɪbl/adj توند
stable/n ئاخوڕ-تەوێلە
stack/stæk/n قۆمەت
stack/n کۆمەڵەیەکی گەورە
stadium/ˈsteɪdiəm/n گۆڕەپانی وەرزشی
staff/stɑ:f/n ١- گۆچان- گۆپاڵ ٢- پێنج دێڕی یەکسانی نۆتەی مۆسیقا ٣- دەستەی جەنگی ٤- دەستەی کارگێڕی
stag/stæg/n نێرەی ئاسک
stage/steɪdʒ/n ١- سەکۆی وتارخوێندنەوە ٢- تەختە شانۆ ٣- قۆناغی پەرەسەندن ٤- وێستگە
stagger/ˈstægə(r)/v بەلادادێ
stagnant/stægˈnənt/adj ئاوی مەنگ چەقیو/باری ئابووری ئاوساو
stagnate/stægˈneɪt/v مەنگ دەبێ

spittle/ˈspɪtl/n لیك، تف
splash/splæʃ/n ئاورشێن
splash/v ئاودەرشێنێ
splendid/ˈsplendɪd/adj/ زیرەك–قەشەنگ/
بەرز– نایاب
splendour/ˈsplendə(r)/n گرنگی/
شکۆیی/شەوق
splice/splaɪs/v - n کۆتایی دوو
شت دەگەیەنێتە یەك
splint/splɪnt/n گرتنەوە (پزیشکی)
بەپیتاڵی
splinter/ˈsplɪntə(r)/n پرشی بۆمباو
شووشە
split/splɪt/n درز– شەق، قەڵەشاندن
split/v ١–دەقلیشێنێ– درزدەبا
٢–زمانی لێدەدا– نهێنی دەدرکێنێ
splutter/ˈsplʌtə(r)/v بەهێزایی
قسە دەکا
spoil/spɔɪl/v ١– پیسی دەکا–
بۆگەنی دەکا– تێکیدەدا
٢– تینوو دەبێ
spoke/spəʊk/v قسەی کرد
spokesman/ˈspəʊksmən/n ئۆرگان،
ئاخاوتنکەر
sponge/spʌndʒ/n ١–ئیسفەنج ٢–ئۆشەك
٣– جۆرە کێکێکی ئاسکە/کێکی ئیسفەنجی
٤– گیانەوەرێکی ئاوی
sponger/ˈspʌndʒə(r)/n مشەخۆر–
دارگران
sponsor/ˈspɒnsə(r)/n دایەن، بەخێوکەر
گەرەنتی دەر، وەصی
spontaneity/ˌspɒntəˈneɪəti/n
لەخۆوەیی
spontaneous/spɒnˈteɪniəs/adj
لەخۆوە
spool/spuːl/n بەکرەی دروومان/
شریتی چاپکەر

spoon/spuːn/n کەوچك
spoonful/ˈspuːnfl/adj پڕ کەوچکێك
sporadic/spəˈrædɪk/adj پچڕپچڕ
spore/spɔː(r)/n شانەی (قەوزە)
sport/spɔːt/v ١– رابواردن
sport/n ٢– وەرزش
sport/adj ٣– پیاوێکی قسە خۆش
sport/n ٤– لەرێ لادەرێکی بایۆلۆژی
sportsman/ˈspɔːtsmən/n وەرزشەوان
sportsmanship/ˈspɔːtsmənʃɪp/n
گیانی لێبووردن
گیانی وەرزشکارانە
spot/spɒt/n ١– پەڵە– خاڵ– نوختە
٢– زیپکەی پێست ٣– شوێن ٤– دڵۆپ
spotless/ˈspɒtləs/adj بێگەرد
spotlight/ˈspɒtlaɪt/n تیشکی سەر
ئەکتەران(شانۆ)
spotty/ˈspɒti/adj دەموچاوی قنچکاوی
spouse/spaʊs, spaʊz/n جووت–هاوژن،
ژن مێرد
spout/spaʊt/n ١– لێشاو٢– مەسینە
٣–هەڵقوڵان
sprain/spreɪn/v - n با دەدا
sprawl/sprɔːl/v - n پاڵدەکەوێ
spray/spreɪ/n ١– سپرای
٢– عەتردان ٣– تۆپی ماسی
spread/spred/n بۆیەی دیوار–
فەرشی ڕاخستن
spread/v دادەپۆشێ– بڵاودەکاتەوە
spree/spriː/n کەیف و سەیف، سەرقاڵ و
دەستبڵاو
sprig/sprɪg/n لقە دارێکی بەگوڵ و پەلك
sprightly/ˈspraɪtli/adj بیرتیژ–
چوست و چالاك
spring/sprɪŋ/v بازدەدا، شەق دەبا
spring/n ١– بەهار
٢– کانی ٣– سپرینگ ٤– ئاسك

speckleless/adj زۆرپاك– بێپەڵە، بێگەرد
spectacle/ˈspektəkl/n ١– دیمەن
٢– نمایشێکی گشتی ٣– چاویلکە
spectacular/spekˈteɪtə(r)/adj
قەشەنگ سەرسوڕهێنەر
spectator/spekˈteɪtə(r)/n بینەر/
تەماشاکەر
spectre/ˈspektə(r)/n خێو (شبح)/تارمایی
spectrum/ˈspektrəm/n چەپکە تیشك/
ڕەنگ
speculate/ˈspekjuleɪt/v ١– تێڕادەمێنێ
٢– مامەڵە دەکا
speculation/ˌspekjuˈleɪʃn/n
١– خەملاندن ٢– تێڕامان
٣– پارەگۆڕینەوە– مامەڵە
speculative/ˈspekjələtɪv/adj
لێکۆڵینەوەی تیۆری
speculator/n مامەڵەکەر لەبازاری بازرگانی
sped-speed/v خێرا ڕۆیی
speech/spiːtʃ/n ١– قسە، ئاخاوتن٢– وتار
speechless/adj تووڕە/قسەی پێ ناکرێ
لاڵ
speed/spiːd/n خێرایی
speed-limit/n خێرایی دیاریکراو
speedometer/spiːˈdɒmɪtə(r)/n
خێرایی ژمێر
speedy/ˈspiːdi/adj خێرا– بەپەلە
spell/spel/n ١– دزعا ٢– ماوەیەك
spelling/spelɪŋ/n هێنجە– ڕێنووس
spend/spend/v ١– خەرج دەکا
٢– ماندوودەبێ ٣– کاتێکی بەسەردەبا/دەچێ
spendthrift/ˈspendθrɪft/n خەرجکەر/
دەستبڵاو
sperm/spɜːm/n ئاوی پیاو (تۆماو) تۆو
spew/spjuː/n - v ڕشانەوە
sphere/sfɪə(r)/n ١– خڕ– تۆپ
٢– گۆڕەپان– کێڵگە
spherical/ˈsferɪkl/adj شێوەیەکی خڕ
spice/spaɪs/n بەهارات– بیبەری
وشك (تفتی)
spicy/adj (خواردنی) تفت
spider/ˈspaɪdə(r)/n جاڵجاڵۆکە
spike/spaɪk/n ١–بزماری نووك تیژ ٢–درك
spill/spɪl/v دەڕژێ/دەڕژێنێ/دەکەوێ
spill/n ١– کەوتن لەسەرپشتی ئەسپ
٢– چلەدار٣– ڕژان
spin-spun/v ڕستی/خوولاندی
spinach/ˈspɪnɪtʃ/n سپیناخ
spindle/ˈspɪndl/n تەشی/ستوون
spin-driver/n ئامێری وشککردنەوە
spine/spaɪn/n ١– بڕبڕەی پشت
٢– پشتەوەی کتێب
spineless/ˈspaɪnləs/adj پیاوێکی خاو/
ترسنۆك، شەرمن
spinning-wheel/n تەشی
spinster/ˈspɪnstə(r)/n قەیرەکچ
(شوونەکردوو)
spiral/ˈspaɪrəl/adj - n لوولپێچ/لوول
spire/ˈspaɪə(r)/n تیری گومەتی کڵێسا،
لوتکەی هەرەم
spirit/ˈspɪrɪt/n ١– ڕوح
٢– کەسایەتی ٣– خێو ٤– کورتە–گەوهەر
٥– جەربەزەیی– ئازایەتی
٦–کێول–خولق
٧–ورە ٨– ئارەق ٩– سپیرتۆ
spirited/ˈspɪrɪtɪd/adj چالاك
spiritual/ˈspɪrɪtʃuəl/adj
پیاوی ڕوحانی– وەبەرز/ڕۆحیی– ئایینی
spiritualist/ˈspɪrɪtʃuəlɪst/n ئەوکەسەی
ڕوح دێنێتە قسە/ ڕۆحانیی
spit/spɪt/n ١– تف
٢– شیشی گۆشت برژاندن
spite/spaɪt/n کینە– دڵپیسی
spiteful/ˈspaɪtfl/adj کینە لەدڵ

soup/su:p/n شۆربا، سوپ

sour/ˈsaʊə(r)/adj ١–ترش ٢– تیژ– بەدرەفتار ٣– ترشاو

source/sɔ:s/n ١– کانی ٢– سەرچاوە– کارگە

south/saʊθ/n باشوور

southerly/ˈsʌðəli/adv بای باشوور

southern/ˈsʌðən/adj باشووریی/ خەڵکی باشوور

southwards/ˈsaʊθwədz/adv بەرەو باشوور

souvenir/ˌsu:vəˈnɪə(r)/n خەڵات– یادگاری

sovereign/ˈsɒvrɪn/adj ١–شانشاە– شاە– شازادە ٢– دەسەڵاتی بێسنوور ٣– لیرەیەکی ئینگلیزی زێڕ ٤– نایاب

sovereignty/ˈsɒvrənti/n دەسەڵاتداری، سەروەری

Soviet/ˈsəʊviət/n سۆڤیات

sow/səʊ/v تۆو دەچێنێ

sow/saʊ/n مێیەی بەراز

soya bean/ˈsɔɪə bi:n/n پاقلەی سۆیا

space/speɪs/n ١– ئاسمان– بۆشایی ٢– بووار– شوێن ٣– ماوە– بیاڤ

spacious/ˈspeɪʃəs/adj شوێنێکی فراوان

spade/speɪd/n ١– خاکەناس– بێڵ ٢– کاغەزی قومار

span/spæn/n ١– بۆست–بست ٢– ماوەیەکی دیاریکراو ٣– جووتە هێستر/ئەسپ– ماین ٤– پرد

spank/spæŋk/v شەپازللەیەکی لێدەدا

spanner/ˈspænə(r)/n کیسپانە

spar/spɑ:(r)/n داری کاڵ/مەچەك

spare/speə(r)/adj ١– یەدەك ٢– زیاد لەپێویست لاواز

sparing/ˈspeərɪŋ/adj دەسەرەخۆ

spark/spɑ:k/n پریشك (ئاگر)

sparking-plug/n ١–مۆمی داگیرسان ٢–پلاکی ئۆتۆمبێل

sparking/adj درەوشایەوە، بەپریشك

sparrow/ˈspærəʊ/n چۆلەکە/کێشکە

sparse/spɑ:s/adj پرچێکی تەنك و پەرش و بڵاو

spasm/spæzəm/n گیان دامێزران (تشنج)، قۆلینج کردن

spasmodic/spæzˈmɒdɪk/adj دامێزراو

spastic/ˈspæstɪk/adj دامێزراو

spatter/ˈspætə(r)/v - n ١– پەرش وبڵاو دەبێ ٢– دڵۆپەدەکا

spawn/spɔ:n/n هێلکەی ماسی و بۆق

speak/spi:k/v قسەی دەکا

speaker/ˈspi:kə(r)/n ووتاربێژ،دەنگارەر

spear/spɪə(r)/n تیر/رم

special/ˈspeʃl/adj تایبەت

specialist/ˈspeʃəlɪst/n ١– پسپۆڕ ٢– پزیشکی پسپۆڕ

speciality/ˌspeʃiˈæləti/n بەرهەمی تایبەتی

specialize/ˈspeʃəlaɪz/v پسپۆڕی لە بابەتێك وەردەگرێ

specially/ˈspeʃəli/adv بەتایبەتی

species/ˈspi:ʃi:z/n چەشن– جۆر

specific/spəˈsɪfik/adj دیاری کراو– تایبەت

specification/ˌspesɪfɪˈkeɪʃn/n وەسف– نیشان، دیارکردن

specify/ˈspesɪfaɪ/v دیاری دەکا/ لەخۆ دەگرێ

specimen/ˈspesɪmən/n نموونە

specious/ˈspi:ʃəs/adj لە ڕوخسار ڕاست و ناوەڕۆك درۆ/ گومراکەر

speck/spek/n خاڵ– گەردێك/پەڵە

speckle/ˈspekl/n پەڵە، خاڵ

soluble/ˌsɒljəbl/v دەتوێنێتەوە
solubility/ˌsɒljuˈbɪləti/n تواوەیی
soluble/ˈsɒljəbl/adj زوو دەتوێتەوە
solution/səˈluːʃn/n ١- شیکاری- چارەسەر ٢- توانەوە ٣- گیراوە
solve/sɒlv/v چارەسەر دەکا
solvent/ˈsɒlvənt/adj-n ماددەیەکی توێنەر
somber/ˈsɒmbə(r)/adj تاریک- ڕووگرژ
some/sʌm/adv-adj-pron ١- هەندێک ٢-دانەمەزراو ٣-زۆر زۆر ٤-نزیکەی
somebody/ˈsʌmbədi/n - pron یەکێک- کەسێک
somehow/ˈsʌmhaʊ/adv بەهەر ڕێگایەک
someone/ˈsʌmwʌn/pron هەرکەسێک
somersault/ˈsʌməsɔːlt/n ١-تەقلێدان ٢-گۆڕانی بنەڕەتی
something/ˈsʌmθɪŋ/n هەرشتێک
sometime/ˈsʌmtaɪm/adv لە وەختێک- لەپێشوو- پێشان
sometimes/ˈsʌmtaɪmz/adv – adj هەندێک جار
somewhat/ˈsʌmwɒt/adv تارادەیەک- زیاتر
somewhere/ˈsʌmweə(r)/adv لە هەر شوێنێک
somnambulist/sɒmˈnæmbjəlɪst/n شەوگەڕ (لەخەودا)
somnolent/adj خەوالو/ خەولێخەر
son/sʌn/n کوڕ
sonata/səˈnɑːtə/n سۆناتە
song/sɒŋ/n گۆرانی-سروود
sonic/ˈsɒnɪk/adj دەنگدار
sonnet/ˈsɒnɪt/n چامەیەکی(١٤) نیوە دێڕی
soon/suːn/adv ١- بەم نزیکانە ٢- هەرزوو٣- باشتر وایە
soot/sʊt/n سۆتەکە- خۆڵەمێش
soothe/suːð/v هێمن دەبێتەوە- ئێشی دەشکێ
sop/ˈsɒp/n ١- نانێکی خوساو ٢- بەرتیل
sophisticated/səˈfɪstɪkeɪtɪd/adj ئالۆز
soprano/səˈprɑːnəʊ/n سۆپرانۆ: بەرزترین دەنگی گۆرانی وتن-ئافرەت
sorcerer/ˈsɔːsərə(r)/n سیحربازا/جادوکەر
sorcery/ˈsɔːsəri/n سیحر/جادوو
sordid/ˈsɔːdɪd/adj پیس، بێ قیمەت
sore/sɔː(r)/adj ئازاراوی- بەئێش
sorely/adv تارادەیەکی مەزن
sorrow/ˈsɒrəʊ/n ئاخ- ئەفسووس
sorrowful/ˈsɒrəʊfl/adj خەمبار- داماو
sorry/ˈsɒri/adj ١- پەشیمان ٢- کڵۆل
sort/sɔːt/n چەشن- پۆل- جۆر
sort/v جودا دەکاتەوە- ڕێک دەخا
sorter/ˈsɔːtə(r)/n نامە لێککەرەوە (پۆستەچی)
S.O.S/ˌes əʊ ˈes/n بانگەوازی فریاکەوتن
sot/sɒt/n هەمیشە سەرخۆش
sought-seek/v گەڕا
soul/səʊl/n ١- ڕۆح ٢- نموونە٣- مرۆڤ-تاک
soulful/ˈsəʊlfl/adj زۆر بەسۆزە- هەستدار
soulless/ˈsəʊlləs/adj بێ هەست بێ ڕۆح
sound/saʊnd/adj ١- ساغ ٢- متمانەپێکراو ٣- تەواو- قووڵ
sound/v ١-قوڵایی دەریا تاقی دەکاتەوە ٢-دەپشکنێ
sound/n دەنگ
soundly/adv بەتەواوی سەرکەوت
soundproof/ˈsaʊndpruːf/adj - v دەنگبڕ- کپکەر
sound-wave/ˈsaʊndweɪv/n شەپۆلی دەنگ

soapy/ˈsəʊpi/adj گیراوەی سابون/ کەفاو/سابوناوی

soar/sɔː(r)/v دەفڕی

sob/sɒb/v هەناسەی هەڵدەکێشێ/دەگریێ

sober/ˈsəʊbə(r)/adj ١– وشیار– بەئاگا ٢– هێمن– ناچوخ

sobering/ˈsəʊbərɪŋ/adj گران– رەسەن

sobriety/səˈbraɪəti/n رەسەنی– گرانی

soccer/ˈsɒkə(r)/n تۆپێن

social/ˈsəʊʃl/n - adj کۆمەڵایەتی– جڤاکی

sociable/ˈsəʊʃəbl/adj خۆش مەشرەب– هاورێ

socialism/ˈsəʊʃəlɪzəm/n رێبازی شۆسیالیستی

socialist/ˈsəʊʃəlɪst/adj سۆشیالیست

society/səˈsaɪəti/n ١– کۆمەڵگا ٢– پێکەوەژیان ٣– کۆمەڵگای بەرز ٤– دەستە

sock/sɒk/n ١–گۆرەوی کورت ٢– ناوکەف

socket/ˈsɒkɪt/n ١–سۆکێت/ جێی پلاک ٢–کون

sod/sɒd/n ١–مێرگ ٢–زێد ٣–لوتی

soda/ˈsəʊdə/n سۆدەئاوی کەفکەر

sodden/ˈsɒdn/adj - v جلی تەڕ– هەویر

sodium/ˈsəʊdiəm/n سۆدیۆم (کان)

sofa/ˈsəʊfə/n دیوان– تەختە/قەنەفە

soft/sɒft/adj ١– نەرم ٢– بێ‌مێشک ٣– دەنگێکی نەرم

soft-boiled/adj هێلکەیەکی نیوە پاککراو/ نیوەکوڵاو

soften/ˈsɒfn/v نەرمی دەکا

soft-hearted/ˈsɒfthɑːtɪd/adj بەسۆز– دڵنەرم

soggy/ˈsɒgi/adj شێدار/تەڕ

soil/sɔɪl/n خاک– زەوی– خۆڵ

sojourn/ˈsɒdʒən/n مانەوە– ئاکنجی بوون

solace/ˈsɒləs/n پرسە/ بەهی– دڵدانەوە– سەرەخۆشی

solar/ˈsəʊlə(r)/adj هەتاویی

sold-sell/v فرۆشتی

solder/ˈsəʊldə(r)/n تەلی لحیم کردن

soldier/ˈsəʊldʒə(r)/n سەرباز

soldierly/ˈsəʊldʒəli/adj رەفتار– ئازا

sole/səʊl/n ١– پاچنە/ناوپێ ٢– نەعەل ٣– ماسی‌یەکی لاکێشەیی‌یە/ ماسی موسا

sole/adj تەنها– ئێک– یەک کەسی

solely/adv بەتەنها

solemn/ˈsɒləm/adj گران– سام گران

solemnly/ˈsɒləmli/adv ئاهەنگێکی گەورەو شایستە شکۆدار

solemnize/ˈsɒləmnaɪz/v بە هەیبەتی دەکا

solicit/səˈlɪsɪt/v ١–دەپاڕێتەوە ٢– داوای ئیشەی‌خراپی لێ‌دەکا

solicitor/səˈlɪsɪtə(r)/n پارێزەری راوێژکار

solicitous/səˈlɪsɪtəs/adj ١– سوورە لەسەر یارمەتی ٢– نیگەران

solicitude/səˈlɪsɪtjuːd/n بایەخ پێدان/جێی بایەخ

solid/ˈsɒlɪd/adj-n ١– رەق ٢– لال ٣– بەهێز ٤– پاک ٥– ئەندازەیی بەرجەستە: درێژی– پانی– ئەستووری ٦– بێ بڕانەوە ٧– بەکۆی دەنگ

solidarity/ˌsɒlɪˈdærəti/n هاوکاری

solidify/səˈlɪdɪfaɪ/v دەمەیێ/ڕەق دەبێ

solidity/səˈlɪdəti/n ڕەقی

soliloquy/səˈlɪləkwi/n قسەلەگەڵ خۆدا کردن (وورتە ورت)

solitary/ˈsɒlətri/adj تەنها–بێکەسی

solitude/ˈsɒlɪtjuːd/n تەنهایی/گۆشەگیری

solo/ˈsəʊləʊ/n ئاوازێکی تاکەکەسی

soloist/ˈsəʊləʊɪst/n کەمانچەژەن

smoke/v جگارەدەکێشێ- دوکەڵ دەکاتەوە

smoker/ˈsməukə(r)/n جگەرەکێش

smoky/ˈsməuki/adj پڕ لەدووکەڵ/ دوکەڵاوی

smooth/smu:ð/adj ١- نەرم ٢- ئاسان- ساکار٣- خۆش

smother/ˈsmʌðə(r)/v ١-هەناسەی دەبڕێ ٢- دەکوژێنێتەوە ٣- دەشارێتەوە

smoulder/ˈsməuldə(r)/v بەهێواشی دەسووتێ

smudge/smʌdʒ/n پەڵەی (مەرەکەب)

smug/smʌg/adj شانازی بەخۆکەر

smuggle/ˈsmʌgl/v شمەکی بەقاچاغ دەبا/دێنێ

smuggler/ˈsmʌglə(r)/n قاچاغچی

smut/smʌt/n ١- تەنی ٢- نەخۆشی دانەوێڵە ٣- قسەی ناشرین

smutty/ˈsmʌti/adj ١- هەوای دوکەڵاوی/ تەنی ٢- ناشرین

snack/snæk/n پاروو/ژەمێکی بچووک

snag/snæg/n ١-گڕێکە ٢-قەد ٣-تەگەرە

snail/sneɪl/n لوولپێچ

snake/sneɪk/n مار

snap/snæp/v ١-شریقەی لێوە دێ ٢-بەدەنگەوە دادەخا ٣- (پەنجەکانی)دەتەقێنێ ٤-بە دزییەوە گرمێک دەگرێ ٥-گەزەی لێدەدا

snappy/snæpi/adj چالاک

snare/sneə(r)/n داو- تەڵە

snarl/snɑ:l/v ددانی جیڕ دەکاتەوە

snatch/snætʃ/n رفاندن/دزی

snatch/v دەرفێنێ/دەدزێ

sneak/sni:k/n زمان لێدەر

sneer/snɪə(r)/v گاڵتەی پێدەکا

sneeze/sni:z/n - v پژمین/دەپژمێ

snide/snaɪd/adj پلار- رەخنە

sniff/snɪf/n بۆنی دەکا- هەڵدەمژێ

snigger/ˈsnɪgə(r)/n ١- نوکتەیەکی خراپ ٢- پێکەنینی شاراوە

snip/snɪp/n ١- پارچە کاغەز ٢-گرەیەک/هەرزان بەها

snipe/snaɪp/v تەقە لە دوژمن دەکا

sniper/snaɪpə(r)/n قەنناس/نیشانەشکێن

snivel/ˈsnɪvl/v ١- هەر دەگرێ و نابڕێنێتەوە ٢- چڵم لەلووتی دێ

snob/snɒb/n لووت بەرز/بەفیز

snobbery/ˈsnɒbəri/n لووت بەرزی

snobbish/ˈsnɒbɪʃ/adj خۆ بەزل زان

snoop/snu:p/n خۆهەڵقورتاندن

snooze/snu:z/n پشیەخەو- سەرخەو

snore/snɔ:(r)/n - v پرخەپرخ/ پرخەپرخی دێ

snort/snɔ:t/n دەنگی ئەسپ/لفەلف پرخە، پرخە پرخ

snot/snɒt/n چڵم

snout/snaut/n کەپوو/ لموز، قەپۆز

snow/snəu/n بەفر

snub/snʌb/n سەرزەنشت/ تێخوڕین

snub/snʌb/v بەبێ ئەدەبی مامەڵەی لەگەڵ دەکا/ سەرزەنشتی دەکا

snuff/snʌf/n پژمێنەر (توتنی ناو لووت)

snug/snʌg/n ١- فێنک/گەرم وخۆش ٢- جلی (رێک وپێک) ٣- شیاو

snuggle/ˈsnʌgl/v پاڵدەکەوێ مندال (منال ژێر کردنەوە)/ خۆی پێ گەرم دەکاتەوە

so/səu/adv - adj - pron – conj هەتا ئیستا شادم بەبینینت- مالئاوا- هەتاکو/ئاوەها/زۆر

soak/səuk/v تەڕی دەکا- دەخووسێنێ

soap/səup/n سابوون

slender/ˈslendə(r)/adj بەژن ڕێك– ئاوقەد باریك
slick/slɪk/adj لووس
slim/slɪm/adj لاواز– هیچ و پووچ– كەم
slit/slɪt/v - n دڕان– كۆن/ئەكاتەوە– ئەدڕێ
slog/slɒg/v ١– بەتوندی لێی ئەدا ٢–بەچاكیكاریدەكا
slogan/ˈsləʊgən/n دروشم
slop/slɒp/n - v ئەڕژێ
slope/sləʊp/n - v - adj لێژایی– نشێو
sloppy/ˈslɒpi/adj ڕێگایەكی قوڕاوی
sloppy/ˈslɒpi/adj ئاووردیین
slosh/slɒʃ/n ئاوی پیس– میز ٢– خواردنی شلە– بۆ بەراز
slot/slɒt/n ١–درز– كونێكی تەنگ ٢–خانە
sloth/sləʊθ/n ١– بێ هێزی ٢– تەمبەلی ٣–شیرەمرێكی ئەمریكیە
slothful/ˈsləʊθfl/adj تەمبەل
slouch/slaʊtʃ/v بێ تاقەت ئەچێ بەڕێوە
slough/slaʊ/n ١– زۆنگاو ٢– پێستی مردوو(مار)
slovenly/ˈslʌvnli/adj – adv ئاریك/ بە ئاڕێكی
slow/sləʊ/adj - adv - v هێواش– هێدی
slowly/ˈsləʊli/adv بەهێواشی
slowness/sləʊnəs/n لەسەرخۆیی
slow-witted/adj دەبەنگ، نەزان
sludge/slʌdʒ/n پیسی بنی بیر/ئاوەڕۆ
sluggard/n - adj شل و شێواو/ خاو/بێتاقەت
sluggish/ˈslʌgɪʃ/adj مەنگ/كپ/كپ
sluice/slu:s/n - v دەروازەی ئاو (ئاوبەند)
slum/slʌm/n گەڕەكێكی هەژاری پیس
slumber/ˈslʌmbə(r)/v پالدەكەوێ– ئەنوێ
slump/slʌmp/v ١– بەتوندی دەكەوێتە سەر زەوی ٢– (نرخ) دادەبەزێ
slung/slʌŋ/v بەرزی كردەوە/دەریهێنا
slur/slɜ:(r)/v ١– قسەكانیباش دەرنابڕێ ٢– بەچاكی بەلایدا تێدەپەڕێ
slush/slʌʃ/n بەفری تواوە
slut/slʌt/n ژنێكی تەسبەڵی پیس
sluttish/adj ژنێكیچڵ و بەرگ ئاریك
sly/slaɪ/adj فێڵباز چاوداگرتن
smack/smæk/v ١– زللەی لێدا ٢– بۆكسی لێدا
smack/n ١– زللە ٢– بەلەمی ماسی گرتن
small/smɔ:l/adj بچووك
small-arms/ˈsmɔ:lɑ:mz/n چەكیسووك
small-change/ˈsmɔ:ltʃeɪndʒ/n خوردە
smallpox/ˈsmɔ:lpoks/n ئاولە
smart/smɑ:t/adj ١– ئازارێكیتیژ ٢– زیرەك ٣– شیك– قۆز–كۆك
smart/v هەست بە ئازارێكی تیژ دەكا
smarten/ˈsmɑ:tn/v خۆی جوان دەكا
smash/smæʃ/v ١– دەشكێنێ–وردەی دەكا ٢– بەتووندی لێیدەدا
smattering/ˈsmætərɪŋ/n زانیاریەكیكەم دووڕناسین
smear/smɪə(r)/v چەوری دەكا
smell/smel/n ١–هەستی بۆن كردن ٢–بۆن
smell/v بۆن دەكا– بۆنی لێدێ
smile/smaɪl/n - v خەندە/خەندەی دێ– خەندەی بۆ دەكا
smirch/v - n پیسی دەكا ,پەڵە
smirk/smɜ:k/n خەندەی شانازیبەخۆكردن
smith/ˈsmɪθ/n ئاسنگەر
smithy/ˈsmɪθi/n دوكانی ئاسنگەری
smog/smɒg/n تەمی دووكەڵاوی
smoke/sməʊk/n ١– دووكەڵ ٢– تووتن/جگارەكێشان

skin/skɪn/n پێست
skin-diving/n مەلەوانی بن ئاو
skinflint/ˈskɪnflɪnt/n پیسکە- رەزیل- قرچۆك
skinny/ˈskɪni/adj لاواز- ئێسك و پێست
skip/skɪp/n - v بازدان/بازدەدا
skipper/ˈskɪpə(r)/n کاپتن (پاپۆڕ)
skirmish/ˈskɜːmɪʃ/n - v شەڕ- پێکدادان
skirt/skɜːt/n ١- تەنورە ٢- داوێن- قەراغ
skit/skɪt/n دیمەنێکی پێکەنین(شانۆ)
skulk/skʌlk/v دەشارێتەوە- بەدزی دەڕوا
skull/skʌl/n کەللە سەر
skunk/skʌŋk/n بوودەڵە، ئاژەڵێکی ئەمەریکییە لە کاتی مەترسیدا بۆنێکی گرانی لێوەدێت.
sky/skaɪ/n ئاسمان
skylark/ˈskaɪlɑːk/n تەیرێکی ئاواز خوێنە (قوتبورە)
skylight/ˈskaɪlaɪt/n دەلاقەی ژوور
skyscraper/ˈskaɪskreɪpə(r)/n هەوربڕ- باڵەخانەی درێژ
slab/slæb/n دارێکی ئەستور و ڕاست
slack/slæk/adj ١- تەمبەڵ ٢- مەنگ-سارد ٣- خاو
slacken/ˈslækən/v هێورەدەکاتەوە/ شل دەکاتەوە
slacker/ˈslækə(r)/n تەمبەڵ- تەوەزەل
slacks/slæks/n پانتۆڵ
slag/slæg/n پاشەڕۆك
slagheap/ˈslæghep/n گژەك
slake/sleɪk/v ١- تێردەبێ ٢-دەیکوژێنێتەوە ٣-لاوازی دەکا
slam/slæm/v بە قایم پێوە دەدا
slander/ˈslɑːndə(r)/n درۆ دەلەسە- بوختان کردن
slanderous/ˈslɑːndərəs/n بوختانکەر
slang/slæŋ/n زمانی ڕەشەخەڵك- زمانی سەربازان
slant/slɑːnt/n ١- لێژایی ٢- تێڕوانینێکی تایبەتی
slap/slæp/n - v زللە-شەق/شەق لێدەدا
slapdash/adv - adj - n بێ گوێدان
slapstick/ˈslæpstɪk/n قەشمەر- گاڵتەچی
slash/slæʃ/n – v برینێکی قووڵ/ ١- بریندی دەکا ٢-چەلدەر دەکا
slate/sleɪt/n - v بەرد/تەختە/تەختەبەردین ڕەخنەی توندی لێ دەگرێ
slaughter/ˈslɔːtə(r)/n - v قەسابخانە- کوشتن
slaughterhouse/ˈslɔːtəhaus/n شوێنی قەسابخانە/ سەربڕین
slave/sleɪv/n کۆیلە- بەندە
slavery/ˈsleɪvəri/n کۆیلایەتی
slavish/ˈsleɪvɪʃ/adj ملکەچ
slay/sleɪ/v سەری دەبڕێ
sledge/sledʒ/n گالیسکە
sledgehammer/ˈsledʒ hæmə(r)/adj چەکوشی قورسی دەسکدرێژ
sleek/sliːk/adj پرچی نەرم
sleep/sliːp/v دەنوێ- پاڵدەکەوێ
sleeper/ˈsliːpə(r)/n ١- نووستوو ٢- فارگۆنی نوستن ٣- گالیسکەی هێڵی ئاسنی پر سەرین
sleepiness/ˈsliːpɪnəs/n باوێشك
sleeping-bag/n جانتای نووستن
sleepless/ˈsliːpləs/adj شەونخوون/بێ خەو
sleepwalker/ˈsliːpwɔːkə(r)/n شەوگەڕ
sleepy/ˈsliːpi/adj خەواڵوو
sleet/sliːt/n بارانی بەبەفر
sleeve/sliːv/n چمك،قۆڵ/باسك پۆش قاوغی قەوانی مۆسیقا
sleight-of-hands/n سیحربازی

دڵسۆزی

sinecure/ˈsɪnɪkjʊə(r)/n پارەیەکی باش لە پایەیەکی بێ‌ماندووبوون

sinew/ˈsɪnjuː/n دەمار/ماسولکە

sinful/ˈsɪnfl/adj شەرانی– تاوانبار

sing/sɪŋ/v گۆرانی دەچڕێ

singe/sɪndʒ/n سووتانێکی سووک

singer/ˈsɪŋə(r)/n سترانبێژ

single/ˈsɪŋgl/adj - n - v ١– تەنیا ٢– یەک کەسی/تەنەری ٣– بێ‌ژن

single-handed/adj - adv یەکدەستی/ تەنیایی (بێ یارمەتی کەس)

single-minded/adj خۆتەرخانکەر بۆ یەک ئامانج

singlet/ˈsɪŋglət/n فانیلەی بێ‌قۆڵ

singular/ˈsɪŋgjələ(r)/adj ١– تاک ٢– نەناسراو– نەباو ٣– هەڵکەوتو

singularity/ˌsɪŋgjuˈlærəti/n نەناسراوی/هەڵکەوتن

sinister/ˈsɪnɪstə(r)/adj شووم– بێ‌خێر

sink/sɪŋk/v نووقم دەبێ

sinner/ˈsɪnə(r)/n تاوانبار– هەڵەکەر

Sinn fein بزاڤ و رێکخراوێکی سیاسیە لە ساڵی ١٩٠٥ لە ئیرلەندا دامەزراوە، داوای حکومەتێکی کۆماری سەربەخۆ دەکا.

sip/sɪp/v قووم لێدەدا

siphon/ˈsaɪfn/n بۆڕی سیفۆن

sir/sɜː(r)/n ١– گەورە/بەڕێز ٢– نازناو

siren/ˈsaɪrən/n – adj ١–پەری دەریا (ئافرەتی باڵدار) ٢– فیکەی ئاگادارکردنەوە

sirloin/ˈsɜːlɔɪn/n گۆشتی رانی مانگا

sisal/ˈsaɪsl/n ١– لیفکە ٢– دروستکەری گوریس

sissy/ˈsɪsi/n - adj ئافرەتانە– ژنانە

sister/ˈsɪstə(r)/n - adj ١–خوشک ٢– سیستەر ٣– خوشکی‌دینی

sister in-law/n دش– براژن

sisterly/adj وەکو خوشک، خوشکانە

sit/sɪt/v ١– دادەنیشێ ٢– دەمێنێ(لە جێ) ٣– تاقیکردنەوە دەکا ٤– کۆدەبێتەوە

site/saɪt/n ١– پارچە زەوی٢– جێ

sitting/ˈsɪtɪŋ/n ١– ئاکنجی– نیشتەجێ ٢– دانیشتنی لەبەردەم وێنەیەکێش ٣– خوول ٤– شوێنی هێلکە–شوێنی کڕکەوتن

sitting-room/n ژووری دانیشتن

situation/ˌsɪtʃuˈeɪʃn/n ١–جێگا ٢– حاڵەت ٣– پیشە ٤– هەڵوێست

six/sɪks/n شەش

sixteen/ˌsɪksˈtiːn/n - adj شازدە

sixteenth/ˌsɪksˈtiːnθ/n - adj شازدەمەم

sixth/sɪksθ/adj - n شەشەم

sixtieth/ˈsɪkstiəθ/adj - n شەستەم

sixty/ˈsɪksti/n شەست

size/saɪz/n ١– قەبارە ٢– ماددەیەکی چرک

sizeable/ˈsaɪzəbl/adj تاڕادایەک گەورە

sizzle/ˈsɪzl/n دەنگی ڕۆن قرچاندن

skate/skeɪt/n پێڵاوی خزین لەسەر بەستەڵەک

skate/v دەخزێ لەسەر..

skate/n ماسی

skeleton/ˈskelɪtn/n ئێسکە پەیکەر

sketch/sketʃ/n ١– هێڵکاری وێنە ٢– وەسفی گشتی ٣– تەمسیلیەکی کورت ٤– وەسف

sketchy/ˈsketʃi/adj ناکەزایی– رووکاری

skewer/ˈskjuːə(r)/n شیشی (کەباب)

ski/skiː/n - v گالیسکەی سەر بەفر

skilful/ˈskɪlfl/adj زیرەک–بلیمەت

skill/skɪl/n دەست رەنگین– کارامەیی

skilled/ˈskɪld/adj (کرێکاری) زیرەک/ کارامە

skim/skɪm/n - v کەفی شیر، سەرتوێژ/ کەفی ...لادەبا

sidelight/ˈsaɪdlaɪt/n تیشکی لابەلایی

sideline/ˈsaɪdlaɪn/n ١-پیشەیەکی لاوەکی
٢-هێڵی لاوەکی

sidelong/ˈsaɪdlɒŋ/adj لاتەنیشتی

sidetrack/ˈsaɪdtræk/v
بە شتێ‌تر مژۆڵی دەکا- لەبیری دەباتەوە

sideways/ˈsaɪdweɪz/adj - adv
بەرەو لاتەنیشت

side/v پاڵپشتی دەکا

siding/ˈsaɪdɪŋ/n گۆران- هێڵێکی
لابەلایی- کاتی

sidle/ˈsaɪdl/v لارێ دەگرێ/ لابەلا دەڕوا

siege/siːdʒ/n گەمارۆ

siesta/siˈestə/n هەڵۆژان- خەوی نیوەڕۆ

sieve/sɪv/n بێژنگ/هێلینگ

sift/sɪft/v بێژنگ دەکا/لەبێژنگ دەدا

sigh/saɪ/v - n هەناسە هەڵدەکێشێ/
ئاه هەڵدەکێشێ

sight/saɪt/n ١- دیمەن- دیتن
٢- مەودای دیتن ٣- دیمەن
٤- نیشان شکێن ٥- بڕێکی‌زۆر

sightless/ˈsaɪtləs/adj کوێر- نابینا

sightseeing/ˈsaɪtsiːɪŋ/n-adj بینینی‌دەشت

sign/saɪn/n ١- هێما سیمبول
٢- ئاماژە ٣- لافیتە ٤- هێما

signal/ˈsɪgnəl/n ١- هێمای رادیۆیی
٢- هێمای پزیشتن

signal/adj دیار- بەرچاو

signatory/ˈsɪgnətri/adj–n مۆرکردنی
پەیماننامە بە لایەن دەوڵەت یان نوێنەر

signature/ˈsɪgnətʃə(r)/n ئیمزا- واژۆ

signet/sɪgnət/n مۆر(لەجیاتی واژۆ)

signetring/ˈsɪgnət rɪŋ/n ئەنگوستیلەی
ئەخشکراو

significance/sɪgˈnɪfikəns/n مانا/گرنگی

significant/sɪgˈnɪfikənt/adj مانادار/
گرنگ

signify/ˈsɪgnɪfaɪ/v دەگەیەنێ

signpost/ˈsaɪnpəʊst/n ئاڵا- لافیتە

silage/ˈsaɪlɪdʒ/n ئالفی زستانە/
گیای لاسەوزی ماڵات لەسایلۆ

silence/ˈsaɪləns/n بێدەنگی-هێمنی

silencer/ˈsaɪlənsə(r)/n دەنگ کپ کەر

silent/ˈsaɪlənt/adj بێدەنگ، هێمن

silhouette/ˌsɪluˈet/n وێنەیەکی نادیار/
ڕوخسار/دەرەوە

silk/sɪlk/n ئاوریشم

silk worm/ˈsɪlkwɜːm/n کرمی ئاوریشم

silky/ˈsɪlki/adj نەرمی ئاورێشم/ئاوریشمی

sill/sɪl/n پەروازی پەنجەرە

silly/ˈsɪli/adj بێ مێشك-دەبەنگ

silt/sɪlt/n زیخ-قوڕی لەگەڵ ئاو هاتوو

silver/ˈsɪlvə(r)/n ١- زیو٢-پارەی زیو
٣- قاپی‌زیو٤- ڕەنگی زیو

silvery/ˈsɪlvəri/adj زیوین

similar/ˈsɪmələ(r)/adj لێکچوو- وەك

similarity/ˌsɪməˈlærəti/n لەیەکچوون

simile/ˈsɪməli/n لێکچوواندن (ڕەوانبێژی)

simmer/ˈsɪmə(r)/v دەکوڵێ

simper/ˈsɪmpə(r)/n خەنەیەکی بەزۆر

simple/ˈsɪmpl/adj – n ١-سادە
٢-سوودی‌کەم ٣-گەمژە ٤-ئاسان

simplicity/sɪmˈplɪsəti/n سادەیی

simplify/ˈsɪmplɪfaɪ/v ئاسان دەکا

simply/ˈsɪmpli/adv ١- بەئاسانی
٢- بێ‌مەرج ٣- تەنها

simultaneous/ˌsɪmlˈteɪniəs/adj
هاوتەبا/هاوکات

sin/sɪn/n گوناه- تاوان

since/sɪns/adv - prep - conj
لەو کاتەوە

sincere/sɪnˈsɪə(r)/adj دڵسۆز-ڕاستگۆ

sincerely/adv بەدڵسۆزی

sincerity/sɪnˈserəti/n وەفاداری-

short-circuit/n سێركتی كارەبا
shortcoming/ˈʃɔ:tkʌmɪŋ/n خەوش
shorten/ˈʃɔ:tən/v كورتی دەكاتەوە
shorthand/ˈʃɔ:thænd/n كورتبڕی/ كورتكردنەوە
shorthanded/adj كرێكاری كەمی
shortlist/n لیستەیەك لە هەڵبژێردراوەكان
ماوەیەكی‌كەم/تەمەن كورت shortlived/adj
shortly/ˈʃɔ:tli/adv پاش ماوەیەكی تر
shorts/ʃɔ:ts/n پانتۆڵی كورت
shortsighted/adj كورت- كورت بینی/ كەم بینا
shorttempered/adj زوو توڕە دەبێت
shot/ʃɒt/n ١- گوللە تەقاندن ٢- هەوڵ ٣- باڕووت ٤- گرەی سیتەمایی ٥- دەرزی بێهۆشكەر ٦- نیشان شكێنی ٧- زەعیم- سەركردە ٨- تۆپی ئاسنی قورس
shoulder/ˈʃəuldə(r)/n شان/مل
shoulder/v ١- لەسەرشانی دادەنێ ٢- شان لەشانی دەدا- لادەدا ٣- لە ئەستۆ دەگرێ
shout/ʃaʊt/v هاواردەكا-بەدەنگی بەرز بانگی دەكا
shove/ʃʌv/v - n پالی پێوە دەنێ/پاڵپێوەنان
shovel/ˈʃʌvl/n شۆڤڵ
show/ʃəʊ/v پیشان دەدا
show/n ١- پێشانگا ٢- ئاهەنگ
shower/ˈʃaʊə(r)/n ١- ڕێژنە باران ٢- دوشی‌گەرماو
showery/ˈʃaʊəri/adj هەوای بارانئاوی
showgirl/ˈʃəʊgɜ:l/n كچەسەماكەر
showroom/ˈʃəʊru:m/n هۆڵی‌نمایش
showy/adj زەرقاوی
shrapnel/ˈʃræpnəl/n پارچە بۆمبا
shred/ʃred/v پارچە پارچەی دەكا
shred/n پارچە كاغەزێكی درێژو باریك

shrewd/ʃru:d/adj زەیرەك
shriek/ʃri:k/v - n ١- هاواری لێهەڵدەستێ ٢- هاواردەكا
shrill/ʃrɪl/adj دەنگێكی تیژو بەرز
shrimp/ʃrɪmp/n ڕۆبیان
shrine/ʃraɪn/n مەزار- مەرقەد- پیاوچاك
shrink/ʃrɪŋk/v ١- بچووك دەبێتەوە ٢- دەچێتە ناو یەك ٣- لێی ڕادەكا
shrivel/ˈʃrɪvl/v پیس دەبێ- چورچ دەبێ
shroud/ʃraʊd/n ١- كفن٢- كوریسی پەرەشووت
shroud/ʃraʊd/v دەپێچێ- دەپۆشێ- دەشارێتەوە
shrub/ʃrʌb/n دارۆچكە/ئەمام
shrug/ʃrʌg/v شانی بادەدا/دەمەرێنێ
shrunk/v بچوك بۆوە ،چۆوە ناو یەك
shudder/ˈʃʌdə(r)/v لەترسا دەلەرزێ
shuffle/ˈʃʌfl/v ١-پێی خۆی لەدوای‌خۆی دەكێشێ ٢-تێكەڵ‌و پێكەڵ دەكا
shun/ʃʌn/v خۆی لێ لادەدا
shunt/v فارگۆنەكەی دەگۆڕی/جێی دەگۆڕی
shut/ʃʌt/v پێوەی دەدا
shutter/ˈʃʌtə(r)/n ١-تێلی پەنجەرە ٢- ئاوێژە
shuttle/ˈʃʌtl/n ١-مەكوك ٢-جرت‌و فرت
shuttlecock/ˈʃʌtlkɒk/n تۆپی ریشە
shy/ʃai/adj شەرمن
sibling/ˈsɪblɪŋ/n خوشك یان برا/ خزم
sick/sɪk/adj نەخۆش ،ڕشانەوە
sicken/ˈsɪkən/v قێزی دەبێتەوە
sickening/ˈsɪkənɪŋ/adj ناشیرین/قێزەون
sickly/ˈsɪkli/adj لاواز، نەخۆش
sickness/ˈsɪknəs/n نەخۆشی
side/saɪd/n ١- لا٢- تەنیشت ٣- تیپ ٤- ڕوخسار- ڕووە- كەمەر
side-effect/n كاریگەری لابەلا/لاوەكی

sheet/ʃi:t/n ١- چەرچەف
٢- پارچە کاغەز/کاغەزی نووسین
٣- تەختەدار-جام ٤- باران بارینی زۆر
٥- گوریس
sheikh/ʃeɪk, ʃi:k/n شێخ- سەرۆک عەشیرەت
shelf/ʃelf/n رەف- تاقچکە
shell/ʃel/n ١- تویکڵ ٢- سەدەف
٣-بۆمبا ٤- بەتەمی پێشپرکێ
shellfish/n ئاژەڵی دەریایی سەدەفی
shelter/ˈʃeltə(r)/n بنکە- ساتر
shelve/ʃelv/v ١- بەرەبەرە لێژ دەبێ
٢- لەسەر رەفەکا دادەنێ
٣- دوادەخا ٤- چی‌تر کاری پێ‌ناکا
shelving/n کۆمەڵە رەفەیەک
shepherd/ˈʃepəd/n شوان
sheriff/ˈʃerɪf/n کەورەی پیاوانی ئاسایش ئەفسەری ئاسایش لە ئەمریکا
shield/ʃi:ld/n ١- زرێ
٢- سەرپۆش- قەپاغ ٣- دروشم
shield/v دەپارێزێ
shift/ʃɪft/v جێ‌دەگۆڕێ
shift/n ١- گۆڕان ٢- نۆرە
shifty/ˈʃɪfti/adj نەزان- فێڵباز
shilling/ˈʃɪlɪŋ/n شلن:
(پارەیەکی ئینگلیزییە، دەیکردە پەنجا پنس)
shin/ʃɪn/n پرپەقە-
سەرەوەی گوزینگ- پێشەوەی لاق
shine/ʃaɪn/v ١- دەدرەوشێتەوە
٢- ناو دەردەکا ٣- دەبریسکێتەوە
shingle/ˈʃɪŋgl/n ١- لمی کەنار-پەنە بەرد
٢- پارچەداری چوارگۆشە
shiny/ˈʃaɪni/adj درەوشاوە
ship/ʃɪp/n پاپۆڕ
ship/v بار دەکا- دادەگرێ
shipbuilding/ˈʃɪpbɪldɪŋ/n پیشەسازی بنیاتنانی‌پاپۆڕ
کەشتی دروستکردن
shipping/ˈʃɪpɪŋ/n بارکردنی دەریایی
shipshape/ˈʃɪpʃeɪp/adj - adv
رێکوپێک- جوان
shipwreck/ˈʃɪprek/n پاپۆڕی نوقم بوو
shipyard/ˈʃɪpjɑ:d/n حەوزی دروستکردنی پاپۆڕ
shirk/ʃɜ:k/v خۆی لەبەرپرسی دەدزێتەوە
shirt/ʃɜ:t/n کراس
shiver/ˈʃɪvə(r)/n ١- لەرزین- راچڵەکین
٢- پارچەی شکاو
shiver/v ١- دەلەرزێ ٢- دەمەژێ لەترسا
shoal/ʃəʊl/n پۆلەماسی
shock/ʃɒk/n ١- تەنگژە- زەبر٢- داڕوخان
shocking/ˈʃɒkɪŋ/adj ترسناک-جەرگبڕ
shoddy/ˈʃɒdi/n کۆتاڵێکی خراپ
shoe/ʃu:/n پێڵاو- نەعەل
shoe-lace/ˈʃu:leɪs/n قەیتانی پێڵاو
shone/v درەوشاوە
shook/v هەژا، لەرزی
shoot/ʃu:t/v خێرا دەرپەڕی/تێ‌ی گرت
shoot/ʃuɜ:t/n خونچە بشکوژ/ تێگرتن، ڕاو
shop/ʃɒp/n دوکان
shopkeeper/ˈʃɒpki:pə(r)/n خاوەن دوکان
shoplifter/ˈʃɒplɪftə(r)/n دزی کۆگاکان
shopper/ˈʃɒpə(r)/n کڕیار
shopping/ˈʃɒpɪŋ/n کڕین و چوونە بازاڕ
بازاڕ کردن- بازاڕکاری
shop-stewarded/n نوێنەری
نەقابەی کرێکاران
shore/ʃɔ:(r)/n کەنار
short/ʃɔ:t/n - adj بڕەلە- کەم- کورت
shortage/ˈʃɔ:tɪdʒ/n کەم‌و کورتی-کێماسی
shortbread/ʃɔ:tbred/n پسکێتی‌شیرین و ڕۆناوی

shaft/ʃɑ:ft/n ١- دەستێکی داری
٢- دەلاقە ٣- کۆڵەکە ٤- تیر ٥- تیر
shaggy/ˈʃægi/adj ١-لوول- ئاڵۆزە وپیێە
٢-زبر، بژ
shake/ʃeɪk/v ١- دەمەرژێنێ
٢- دەشەقێنێ ٣- تۆقەی لەگەڵ دەکا
shake/n هەژان- لەرزین
shake-up/n گۆڕانێکی بنەڕەتی
shaky/ˈʃeɪki/adj لەرزۆک- لاواز- نیگەران
shall/ʃəl/aux – v ١- فرمانی یاریدەدەر/ داهاتوو ٢- وا دەکەم- وادەبێ هەر- پێویستە
shallot/ʃəˈlɒt/n کەوەری ئەندەلوسی/ لەپیاز دەچێ
shallow/ˈʃæləʊ/adj تەنک- رووکار
shame/ʃeɪm/n ١- ئرژو دەلەسە
٢- شەرمەزاری
٣- هەستکردن بە شەرمەزاری لەبەر درۆکردن- رووەش- ئابرو چوون
shamefaced/ˌʃeɪmˈfeɪst/adj
شەرمەزاری لە دەموچاویدا دیارە
shameful/ˈʃeɪmfl/adj جێ شەرمەزاری- ئابرووبەر
shameless/ˈʃeɪmləs/adj بێحەیا- بێروو
shampoo/ʃæmˈpu:/n شامپۆ
shampoo/v بەشامپۆ سەری دەشوا
shank/ʃæŋk/n ١-لاق: ئەژنۆ تا گوزینگ
٢- تەن- کەلەخ- لاشە
shan't ئەرێی داهاتوو
shanty town/n کوخاوە- هەژاراوە
shape/ʃeɪp/n شێوە، روخسار
shape/v دادەرێژێ
shapeless/adj شێوەیەکی نادیار- بێ شێوە
shapely/ˈʃeɪpli/adj شەنگ، رێکوپێک،کۆک
share/ʃeə(r)/n ١- بەش- پشک
٢- بەش٣- گاسن

share/v ١- دابەش دەکا
٢- بەشداری دەکا
٣- (ئامی دڵی خۆی) هەڵدەرێژێ
shareholder/ˈʃeəhəʊldə(r)/n
بەشداربوو/پشکدار
shark/ʃɑ:k/n ماسی قرش- سەگ ماسی
sharp/ʃɑ:p/adj ١- تیژ٢- مەزن و لەناکاو
٣- چالاک ٤- روون ٥- بریندارکەر
sharp/adv تەواو- بەدروستی
هێمایەکی مۆسیقییە
sharp/n
sharpen/ˈʃɑ:pən/v قەڵەم تیژدەکا/تیژ دەکا
shatter/ˈʃætə(r)/v دەشکێنێ-
